# كاريطةري ثةيوةندبية دةرةكيةكانى عيَراق لة ثرؤسةكانى ئةنفالدا ( ئةمريكا) بةنمونة

م.ي سةركةوت شةريف ئيسماعيل
سةنتةرى تويَذيتةوةى ضةرموو بؤ
تاوانةكانى ئةنفال و جينؤسايد/
زانكؤى ضةرموو

## ثيَشةكي

تاوانى ئةنفال كةزنجيرةيةك شالآوى سةربازى و راطةياندنى ضةواشةكارانةى بةرنامة بؤ دارِيَذراو بوو لةلايةن رذيَمى بةعسي (سةدام)يةوة لةنيَوان سالآنى ( ١٩٨٧- ١٩٨٨ ز) بةرامبةر بةبةشيَك لةدانيشتواني ولآتةكةى خؤى ئةنجامدرا، بةلآم ئةم بةشة لةدانيشتوانةكةى كةميللةتى ( كورد ) بوو لةرووي ئيتنى و زمان و كلتورةوة بةئةندازةيةكى زؤر جياوازبوون لةبةشة زؤرةكةى ترى دانيشتواني دةولَةت و تةنانةت لةو كاتةدا ميللةتى كورد بزوتنةوةيةكى ضةكدارى ئؤثؤزسيؤنى هةبوو كةلة خةبات و شةرِيَكى قولأ و سةختى ضةكدارى و سياسي و راطةياندندابوو لةطةلأ حكومةتةكةى حيزبى بةعسي سةدامي.

هاوكات لةطةلأ ثرؤسةكانى تاوانى ئةنفالدا حكومةتى عيَراق لةدريَذترين شةرِي سةدةى بيستةمدابوو لةطةلأ دةولَةتيَكى دراوسيَى كةئةويش رذيَمى كؤمارى ئيسلامي ئيَران بوو، هةردوولا لةسالَى (١٩٨٠)ةوة دريَذةيان بةشةرِيَكى خويَناوى و كاولكارى دابوو كةهةزاران كوذراوو بريندارى ليَكةوتبوةوة سةربارى زيانى مليارةها دؤلاري ترى ئابورى و كشتوكالَى و ويَرانبوونى سةرخان و ذيَرخانى هةردوو بةرةي شةرِةكة. هةلَبةت لةم شةرِة دوورو دريَذةدا هةردوو دةولَةت و بةتايبةتيش حكومةتى عيَراق ثيَويستيةكى زؤري بةكؤمةك و هاوكارى دةولَةتانى زلهيَزى دنيا هةبووة لةوكاتةدا.

ئةمريكا وةك يةكيَك لةزلهيَزةكانى دنياى ئةوكاتة كةنزيكةى ضوار دةيةش بوو لةململانيةكى ضرِدابوو لةطةلَ روسيا بةناوى (شةرِي سارد)ةوة بةدةر نةبوو لةكيَشمةكيَش و هاوكارى ئةو دوو دةولَةتة شةرِكةرةكة بةتايبةتيش عيَراق، ئةمريكا لةنةتةوة يةكطرتووةكان و بةتايبةتيش لةئةنجومةنى ئاسايشي نيَودةولَةتى كةخاوةنى مافي ( ظيتؤ )ية، قورسايةكى زؤري هةبوو هةم لةو ئةنجومةنة هةميش لةكؤمةلَطاي نيَودةولَةتى بةشيَوةيةكى طشتى، حكومةتى عيَراقيش لةوكاتةدا هةرضةندة ثةيوةندييةكى جيَطرو ضةسثاوى نةبوو لةطةلَيداو ثةيوةنديةكانيان هةلَبةزو دابةزى زؤري بةخؤيةوة بينى لةماوةى هةشت سالَي شةرِةكةدا،

بەلآم لەهەمان كاتيشدا زۆرترين كۆمەكى سياسي و سەربازييان بەرذيَمى عيَراقي كرد هەر ئەمەش هۆكاريَكى طرنط و كاريطەربوو هەم لەطذاضوونەوەى حكومەتى ئيَرانى، هەميش لەسەركەوتني لەثرۆسەكانى ئەنفالدا، ئەمريكا جطە لەوەي لەبوارى سەربازى و لۆجيستى هاوكارى رذيَم بوو، لەولاشەوە لەئاستى تاوانەكانى ئەنفال و كيميابارانكردنى هەلَەبجەو ناوضەكانى ترى كوردستان بيَدەنطي هەلَبذاردو كۆي ثرۆسەو تاوانەكەي بەكاروبارى ناوخۆي عيَراق دايەقەلَەم، ئەمەش لەلايەك نەتەوە يەكطرتوەكان و كۆمەلَطاى نيَودەولَەتى كۆت وبەند كرد بەوەى سەركۆنەى رذيَمەكەى عيَراق بكەن و لەلايەكى تريشەوە دەستى رذيَمى بەعسي زياتر ئاوالآكرد تا بەثيَى ئامانج و ثيلانەكەى زۆترين كورد سەرقنطون بكاو زۆرترين ناوضەش خاثورو ضۆلأ بكات لەدانيشتوانە رةسەنەكەى كەكوردبوون.

**طرنطى و ئامانجى تويَذينەوەكە**

طرنطى و ئامانجى ئەم تويَذينەوەية لەوەداية، تيشك دەخاتة سەر لايەنيَكى تري طرنط و جيَطا بايەخى بابەتەكة كەوەكو ثيَويست لەرابردوودا دەستى بۆ نەبراوة، ياخود زۆر لەبارةيەوة نەوتراوةو نەنوسراوة، ئەويش بابەتى دةرةكية كەهيضى كةمتر نية لەهۆكارو بابەتة خودي و ناوةكيەكان، (بەشيَوةي تويَذينەوەى ئەكاديمى)، لەلايەكي تريشەوة ئامادةدان بەهۆكارى بابەتى تاوانى كەيسي ئەنفال ثيَماندةلَيَ رذيَمى بەعس لەثالأ فاكتەرة خودى و ناوةكيەكان فاكتەرة دةرةكيةكانيشي بۆ مةيسەر بووبوو هەر بۆية بەئاسانى و بيَ ترس و سلَەمينةوة لەئيدانەى كۆمەلَطاى نيَودةلَةتى نزيكەى سالَيَك رةشترين ثرۆسەى سياسي و سەربازى دذى ناوضەكانى كوردستان ئەنجامدا. هەروةها ئەم تويَذينەوةية دةطەريَ بەدواى وةلآمى ئەو ثرسيارةى بۆضى كۆمەلَطاى نيَودةولَەتى بيَدةنط بوون لەئاست تاوانيَكى ئاوا طەورةي (جينۆسايد)! بەتايبەتيش زلهيَزيَكى جيهانى ئەوكاتة كةئەمريكابوو.

**طريمانةي تويَذينەوةكة**

- رةط و ريشەى ضەمكى ئەنفال و ميَذووى سەرهةلَدانى دياردةكة وةك بةشيَك لةنةريتى خيَلَة عةرةبةكانى ناوضةكة ؟
- ميَذووى هيَرش و ثةلاماردانى كوردو كاريطةرى لةسةر رذيَمى عيَراق وةك بةشيَكي بۆماوةيي بۆ لةناوبردنى كورد ؟
- هةلَبذاردنى سورةتيَكى قورئان لةلايەن رذيَمى عيَراقةوة بةمةبةستى رةوايةتيدان بةثرۆسةكةو ضةواشةكارى جيهانى عةرةبي و ئيسلامى ؟
- كاريطةرى ثةيوةنديي و هاريكارى ضةند دةيةي دةولَةتى ئةمريكا لةطةلأ دةولَةتي عيَراق وةك بةشيَك لةهۆكارى سةركةوتنى ثرۆسةكة ؟

- لاوازى و ناكاريطەرى ثەيوەندى كورد بەئەمريكاوە وەك بەشێك لەشكستى لايەنى كوردى و زياتر طەورەبوونى زيانە ماددي و طيانيەكانى ؟
- بێدەنطى و نكۆلَيكردن لەلايەن ئەمريكاوە لەئاست تاوانەكانى ئەنفالدا وەك بەشێك لەبەرذەوەندى ئابورى و كاريطەرى ثەيوەنديية سياسي و سەربازييەكانى ئەمريكا بەدەولَەتى عێراقەوە ؟

**رێبازى توێذينەوە**

رێبازى توێذينەوەكە بريتيە لەرێبازى شيكارى مێذوويي و رەخنەيي و ثشت بەستنى توێذەر بەدەق و بەلَطەكانى ئەوكاتەي هەموو لايەنەكان و لێكەوت و دەرئەنجامەكانى ثرۆسەكە.

**دابەشكردنى توێذينەوەكە**

ئەم توێذينەوەية ثێكاتووە لەثێشەكيەك و دەروازەيەك و دوو بەش، سەرەتا لەدەروازەكەدا رەط و ريشەى ضەمكى ئەنفال و واتاى زارەوايي و زمانەوانى وشەكە شيكراوەتەوەو ثاشان لەروانطەى ئاينى ئيسلام و هۆكارو ئامانجەكانى رذێمى بەعس لەناونانى ثرۆسەكە بەم ناوەوە خراوەتەروو. بەشي يەكەم بەناونيشانى ( هێرش و ثەلاماردانى كورد لەعێراقدا ١٩٢١- ١٩٨٨)، لەطەلَ دروست بوونى دەولَەتى عێراقي نوێ لە ١٩٢١ەوە تا ١٩٨٨ بەزنجيرەيەك باسى كۆي ئەو تاوانانە كراوە كەدەولَەتى ناوبراو دەرحەق بەخەلَكى كوردستان كردويەتى بەناوى جۆراوە جۆرەوە كەزۆريشيان دةضنة هةمان خانةى تاوانى ئەنفال و جينۆسايدەوە هەر لەرەشەكوذى بەردەركى سەراي سلێمانى ١٩٣٠ تا سەركوتكردنى شۆرِشي شێخ ئەحمەدى بارزان ١٩٣٢- ١٩٣٤ و شۆرِشى دووەمى بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ و ثاشان هاتنى كۆماريخوازەكان لە ١٩٥٨ و دواتر شۆرِشي ئەيلول و ثاشان هاتنى جاري يەكەم و دووەمى بەعسيەكان لە ١٩٦٣ و ١٩٦٨ دواتر رێكەوتنامەى جەزائير ١٩٧٥ و ثاشان ئەنفالي هەشت بارزانيەكان لە ١٩٨٣ و روخاندن و دەربەدەركردنى دەيەها هەزار كوردي تر لەسەر زێدو مالَى خۆيان هەتا دەطاتە هێرشەكانى ١٩٨٧- ١٩٨٨ و بەكارهێنانى ضەكي كيمياوي لەهەلَەبجەو ناوضەكانى تر، مەبەستيش لەم باسە ئەوەية كەتاوانى ئەنفالى رذێمى عێراق تاوانێكى كتوثرِو لەخۆرِانيەو بەلَكو ثێشينەى زۆرتري هەبووە.

ناونيشانى بەشى دووەم بريتية لە ( ثەيوەندييەكانى ئەمريكاو عێراق و كاريطەرى لەسەر ثرۆسەكانى ئەنفال)، لەتەوەرى يەكەمدا باسى ثەيوەندييەكانى ئەمريكاو عێراق و كورديش كراوە، لەهاتنى ئەمريكيەكان بۆ ناوضەكە لەسەردەمى عوسمانيەكانەوە كەفەمانرەواى ويلايەتەكانى عێراق بوون تا هەلَطيرساندنى ثرۆسەكانى تاوانى ئەنفال، هەلَبەت

ثةيوةندييةكانى ئةمريكاو عيَراق تا نيوةي دووةمى سةدةى بيستةم طرنط و ديار نية، بةلَكو لةثاش كؤتايي جةنطى دووةمى جيهان و سةرهةلَدانى شةرِي ساردو ثاشان ريَكةوتنى بةغداى ١٩٥٥ و دواتريش كودةتاى ١٩٥٨ و هةلَويَستى ئةمريكاو تيَروانينى بؤ رووداوةكانى سالآنى ١٩٦٣ بؤ ١٩٦٨ و ثاشان خؤمالَيكردنى نةوتي عيَراق ١٩٧٢ و ريَكةوتنى جةزائيري ١٩٧٥ و سالآنى دوايي، بةهةمان شيَوةش بةدريَذايي ئةو ماوةية باسى ثةيوةندييةكانى كوردى- ئةمريكى كراوةو هةلَويَست و تيَروانينى ئةمريكيةكان لةمةرِ دؤزى كورد باسكراوة. لةتةوةرى دووةميشدا باسى كاريطةرى ثةيوةندييةكانى ئةمريكاو عيَراق و كورديش كراوة لةسالآنى شةرِى هةشت سالَةى عيَراقى- ئيَرانى (١٩٨٠- ١٩٨٨)و ثرؤسةكانى ئةنفالدا.

لةم تويَذينةوةيةدا ثشت بةكؤمةلَيَك ضاووطى كوردى و عةرةبى و ئينطليزى بةستراوة لةوانة (قورئانى ثيرؤز) و بةلَطةنامةى نةتةوة يةكطرتووةكان بةناونيشانى ( جريمة العراق في الابادة الجماعية حملة انفال ضد الكرد)، وةثةرتوكي ( الانفال الكرد ودولة العراق)، وة ماستةرنامةى (دؤزى كورد لةبازنةى ثةيوةندييةكانى ئةمريكى- عيَراقي ١٩٧٥- ١٩٨٩)، وةضاووطى ( **The 1988 Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan, Online: Stable URL, Encyclopedia, of Mass Violence, February, 2008)** لةطةلأ دةيان ثةرتوك و ضاوطى تري كوردى و عةرةبي و ئينطليزى.

**دةروازة**

سةرةتا بؤ ئاشنابوون بةضةمكى ئةنفال و ميَذووى سةرهةلَدانى دياردةكة كورتةيةك دةخةينةروو كةيارمةتيمان دةدات بؤ زانينى هةنديَ زانست و حةقيقةتى نةزانراوى ثةيوةنديدار بةبابةتةكة. سةبارةت بةراطةكردن و ليَكدانةوةى زاراوةى ئةنفال ديدوبؤضوونة جياوازةكانى شيكارى ئةم وشةية تائةندازةيةكى زؤر ليَكديةوة نزيكن و جيَطاى مشت و مرِي قولَى نوسةران و شارةزايان و زانايانى بواري زمانةواني نين، بةتايبةتيش بؤ شتؤرِانى بوارى زمانى عةرةبي ضونكة زارةوةكة لةبنضينةدا ضاوطةكةى عةرةبيةو هةلقولآوى كلتورو ميَذووى ئةوانة.

ئةنفال ض لةرووى زاراوةو ض وةكو ضةمكيَكى عةرةبي ئيسلامى، ثيَش مانا سياسيةكةى ماناى قوولَى كؤمةلآيةتى و ثيَوةندييةكى طةورةو دانةبراوى بةكؤمةلَطاى عةرةبيةوة هةية، لةراستيدا ئةنفال لةرووة كولتورى و كؤمةلآيةتييةكةوة ثيَوةندييةكى راستةوخؤي بةكولتورى تالآن و برِؤو بةدةستهيَنانى دةسكةوتةوة هةية، ئةويش لةريَطاى هيَرشكردن و غافلَطيرى و هةلَكوتانةسةرو دةستبةسةراطرتنى سةرو مالَى لايةنى بةرامبةر[١].

ئـەنفال كـؤي ووشـەی (نفل)ە، نفليش بـەواتای (الغنيمـة)، بـەكوردی واتـای دەسكەوت دێـت، مەبەستيش لەمـە (زيادة)يـە ضونكـة (نفل) وەك لـە (الراغب الاصفهاني)دا هاتووە: (نفل: اي الزيادة على الواجب)، لێرەوە ئـەوەی وەك ئـەرك ئەنجامدەدرێت ثێيدەوترێت (واجب)، ئـەوەش كەئارەزوومەندانەو خۆبەخشانە ئەنجامدەدرێت ثێيدەوترێت (نافلة) ضونكة واجب نيە[٢].

دەسكەوت (غنيمة) لەثێش هاتنی ئايينی ئيسلامدا عەرەبەكان ووشەی ئەنفاليان بەواتای تالآنی جەنط بەكارهێناوە، مەبەستيش لەجەنط شەڕكردن و شكاندنی دوژمن و وەرطرتنی ديل و دەسخستنی سامان و مالَ بووە، طـەورە ثياوانی عـەرەب لەوكاتـەدا بەشی خۆيـان لـەتالآنی وەرنەطرتووەو خۆيان بەمە هەلَكێشاوە، هەروەك (عەنتەرە)ي شاعير دەلَێت:

أنا اذا حَمِسَ الرغى نروي القنا ونِعف عند تقاسم الانفال

واتا: ئێمە لەشەڕدا خوێن دەبەخشين، بـەلآم لـەكاتی دابەشكردنی دەسكەوتەكاندا خۆمـان لەوەرطرتنی دەثارێزين[٣]. كەواتە ئەنفال ووشەيەكی سەرومرِ عەرەبيەو بێطومان ثێش داهاتنی ئـايينی ئيسـلام لـەناو عـەرەبي دەوارنشـين و خێلَـی كۆضـەرو سوارضـاكی عـەرەب دا ثـذاوە، ووشـەكە زۆرتـر ثەيوەنـدی بـەتێروانينی جـەنط و جـەنطين و دەسـكەوتەكانی جـەنطاوەری جەنطـەوە هەيـە، ووشـەيەكە بـۆ هانـدانی جـەنطاوەر لەجەنطـدا لـەرێطای (هەلَمـەت و دەسكەوت)ەوە رسكاوە[٤].

ئـەنفال واتـای زێـدە دەسكەوت دەطەيـەنێت، كەواتـە ثێناسـەی دەسكەوت: ئـەو مـالَ و سامانەية كەبەشـەرِ لـەبێباوەرِەكان دەسـەندرێت[٥]، يا بريتيـة لەبەخشينی ئـەو مـالَ و سامانەی لەشـەرِ كۆكراوەتـەوەو بەسـەر هەنـدێك لەسـەربازو جـەنطاوەران دابەشـدەكرێت، ئەمـە ديل و كەسانی دەستطيركراويش دەطرێتەوە[٦]، هەروەها ئەنفال بەزاراوة قورئانيەكەی بريتية لەو مالَ و سامان و دارايي و شتومەك و دەسكەوتانەی سوثايەكی ئيسلامي لەبەرەكانی جەنطكردن دذ بەبێباوەرِ شەرِكەرو جەنطاوەرەكان بەدەستيدەهێنێت، لەرێطای سەركردەو ثێشەوای سوثاكەوە بەسەر تێكۆشەرو سەربازەكانيدا دابەشی دەكات[٧]، هەروەكو زانايانی ئيسلاميش ثێناسـەيان كردووة بەوەی: ( الانفال هو الغنيمة أي نيل ناله مسلمة من اموال اهل الحرب) واتا بريتية لـەو مـالَ و سـامانەی كەدەست موسولَمانان دەكـەوێت لەخـەلَكی شـەرِكەر[٨]، كەواتـە لێـرەدا ئاييني ثيرۆزی ئيسلام مەسەلەی ئەنفالی مەرجدار كردووة بەم شێوەية:

أ- دەبێ لەمەيدانی جەنطدا دەسكەوتەكان بەدەست بێن.

ب- دەبـێ لەخـەلَكی بێبـاوەرِ بسـەنرێ، بێبـاوەرِ ئەوانـەن بەفـەرمی رايانطەيانـدبێ هـيض ثەيوەسـتی و ثابەندييـەكيان نيـة بەبنـەماكانی ئـايينی ئيسـلامەوە نيـة، نـەك بەقسـەی ئـەملاو ئەولا[٩]، بـەلآم حكومـەتی عێراقي كاتێك ئـەم ثرۆسـەيەی ناونـا ئـەنفال و لەسورەتی هەشـتەمی

قورئاني ثيرؤزى وةرطرت (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)[١٠] كؤمةلَيَك ئامانج و مةرامى دياريكرى هةبوو لةوانة:

١- بؤ رةوايةتيدان بوو بةثرؤسةكة، بةوةى خةلَكى كوردستان كافرن و دذايةتى ثيَخةمبةرى (د.خ) موسولَمانان دةكةن.

٢- بؤكوشتنى خةلَكى طوندةكان وةك ضؤن موسولَمانان كافرةكان دةكوذن و كوشتنيان رةواية لةمةيدانى جةنطدا، ضونكة طوندةكان ثالَثشتيةكى طةورةى هيَزةكانى ثيَشمةرطةى نةيارى حكومةت بوون.

٣- بؤ تالآنكردنى مالأ و سةروةت و سامانى ئةو خةلَكانةى بةرشالآوى ئةنفال كةوتن.

٤- بؤ ناشرينكردنى كوردبوو لاى دنياي ئيسلامى بةوةى ئةم خةلَكانة كافرن و ئيسلام نين[١١].

هيَرشكردنة سةر كورد بةشيَك بوو لةسياسةت و ئامانجي رذيَمى بةعس لةعيَراق دواى طةشتنةوةى بةدةسةلآت لةسالَى ١٩٦٨، لةسةروى هةموشيانةوة ثرؤسةكانى ئةنفال، ضونكة بةعس ثيَى وابوو نابيَ هيض كؤمةلَةو طروثيَك نةيارى عةرةب و نيشتيمانةكةى بكةن و دةبيَ هةمووان خؤيان بةبةشيَك لةو طةل و خاكة بزانن، لةناوبردنى كورديش لةثرؤسةكانى ئةنفالدا بةشيَك بوو لةو ئامانج و ئايدؤلؤجيةتةى بةعس هةيبوو[١٢].

ئةنفال ناوى سورةتى هةشتةمة لةقورئاني ثيرؤزدا كةثيَكهاتووة لة (٧٥) ئايةتى مةدينى، لةمانطى رةمةزانى سالَى دووةمى كؤضى لةشةرِى بةدري طةورة دابةزيوة. لةئةنجامى ئةو شةرِةدا موسولَمانةكان بةسةر بيَباوةرِةكاندا سةركةوتن و دةسكةوتيَكى زؤريان بةدةستهيَنا، هةرضةندة بةطشتى ئةو سورةتة باس و وةسفى شةرِةكة دةكات و ئةو شةرِة بة(يوم الفرقان) واتا رؤذى جياكردنةوة ناودةبات.

هؤكارى دابةزينى ئةم سورةتة بؤ ئةوة دةطةريَتةوة دواى سةركةوتنى موسولَمانةكان لةشةرِةكةدا، لةسةر كؤكردنةوةو دابةشكردنى دةسكةوتةكان توشى هةنديَ كيَشةو طيروطرفت بوون، ضونكة موسولَمانةكان لةم شةرِةدا بوبوون بةسيَ كؤمةلَةوة، هةروةكو ئةحمةدى كورِى حةنبةل لةزارى عوبادةى كورِي سامتةوة دةيطيَريَتةوةو دةلَيَ ( لةطةلَ ثةيامبةر ضووين بؤ شةرِى بةدرى طةورة كةوتينة بةرامبةر بيَباوةرِةكان و خوا دوذمنى شكاندو كؤمةلَيَك لةموسولَمانان كةوتنة دوايان بؤ زياتر شكاندن و تةمبيَ كردنيان، كؤمةلَيَكيش ضوون دةسكةوتة بةجيَماوةكانى بةرامبةر كؤبكةنةوةو بةنيازى ئةوةبوون بؤخؤياني ببةن، كؤمةلَى سيَيةميش لةطةلَ ثةيامبةر مانةوة بةمةبةستى ضاوديَرى و

ثاراستنى، ثاشان شەوداهات و هەرسيَ كؤمةلَةكة يةكيان طرتةوة، هةريةكة لةكؤمةلَةكان خؤيان بةرةوا دةزانى بؤ بردنى دةسكةوتةكان، لةئةنجامى ئةم مشتومرِة ئةم سورةتة دابةزى و كيَشةكةى نيَوانيانى ضارةسةركرد[١٣].

ثوختةى باسةكة ئةوةية زاراوةى ئةنفال رةط و ريشةيةكى قولَترى هةية لةئاييني ئيسلام و سةرةتاكانى بؤ ثيَش هاتنى ئةو ئايينة دةطةريَتةوةو دياردةكة بةشيَكة لةنةريتى كؤنى خيَلَةكانى دوورطةى عةرةبى و لةويَوة برةوى سةندووة، بةلاَم كاتيَك ئاييني ئيسلام هات ئةم دياردةيةى ريَكخست و مةرجدارى كرد، تا هةر كؤمةلَةو دةستة و تاقم و دةولَةتيَك بؤ مةرامي تايبةتى خؤي بؤكارى نةهيَنيَ، ثةنابردنى رذيَمى بةعسيش بؤ ئايةت و كاريَكى ئاوا لةو سات و كاتةدا بؤ بةديهيَنانى ئامانج و سياسةتة خراثةكانى بوو بةرامبةر ميللةتى كورد تاوانبار بدات بةو كوشت و برِةى سالَى ١٩٨٨ ئةنجاميدا.

<u>بةشي يةكةم</u>/ هيَرش و ثةلاماردانى كورد لةعيَراقدا (١٩٢١- ١٩٨٨)

عيَراق وةكو دةولَةت تا سالَى ١٩٢١ بوونى نةبوو، بةلَكو ثيَكدةهات لةهةرسيَ ويلايةتى بةغداو بةسرةو موسلَ (باشورى كوردستان) كةلةذيَر هةيمةنةى دةولَةتى عوسمانيدا بوو[١٤]، ئةم دةولَةتة دةكةويَتة باكورى رؤذهةلاَتى دورطةى عةرةبي و توركيا لةباكورةوة، ئيَران لةرؤذهةلاَتةوةو سوريا لةخؤرئاواوةو دورطةى عةرةبي لةباشورةوة لةكيشوةرى ئاسيا، خةلَكى ئةم ولاَتة ثيَكديَت لةخةلَكانى جياوازى كوردو عةرةب و توركمان، وةدياناتى ئيسلامي و مةسيحي لةطةلأ كةمينةي ئيَزيدى و سابيئةو بةهائي و زمانةكانى كوردى و عةرةبى و فارسى و توركمانى بةكاردةهيَنريَت[١٥].

ثاش هةلَطيرساندنى جةنطي جيهانى يةكةم ١٩١٤ و داطيركردنى هةرسيَ ويلايةتةكةى عيَراق لةلايةن بةريتانيةكانةوة لة ١٩١٨ ، بةريتانيةكان سالَى ١٩٢٠ حكومةتيَكى كاتيان بؤ عيَراق دروستكرد لةهةردوو ويلايةتى بةغداو بةسرةو لةكؤنطرةى قاهيرةى سالَى ١٩٢١ برِيارى دروستكردنى مةملةكةتيَكى ثادشاياندا بؤ عيَراق و (فةيسةلَى كورِ شةريفي) مةكةش كراية ثادشاي ئةو ثادشانيشينة لةهةمان سالَدا[١٦]، دواتريش سالَى ١٩٢٥ لةريَطاى ثيَشنيارى ليذنةكةى كؤمةلَةى طةلانةوة كةبؤ يةكلاييي كردنةوةى كيَشةى ويلايةتى موسلَ لةنيَوان عيَراق و توركيادا ثيَكهيَنرابوو ويلايةتى موسلَيش (باشورى كوردستان) خراية سةر دةولَةتى عيَراق و هةرسيَ ويلايةتة سةرةكيةكة بوونة بةشيَك لةو دةولَةتةى كةناوى عيَراق بوو لةذيَر ئينتيدابي بةريتانياشدابوو[١٧]. سةربارى ئةوةى دواي لكاندنى ويلايةتى موسلَ بةدةولَةتى عيَراقةوة برِياردرا مافةكانى طةلى كورد لةدةستوردا ثاريَزراوبيَ و لةحكومةت و دامودةزطاكانى تري دةولَةتدا كورد بةشداربيَ و مافي ثيَبدريَ،

بەلآم سەرجەمیان ثشتطویَ خران و ئەنجامەکەشی بەشەرِو کوشتارو هیَرشکردنة سەر کورد کؤتـایي هـات کەهـەموویان هاوشـیَوەی هیَرشـەکانی ئـەنفال بـوو لەخویَنرشـتن و کاولکـاری، کەلیَرەدا بەکورتی باسیان دةکەین:

یەکەم/ کوشتاری راثەرِینی ٦ي ئەیلولي ١٩٣٠ی سلیَمانی

هەرضــەندة ثـیَش ئـەم رووداوةش ضــةندین جـاریتر لــةنیَوان ســالآني١٩١٩- ١٩٣٠ لەسـەردەمی فـەرمانرِةوایي (شیَخ مـەحمودی حەفید)دا لەلایـەن هـەردوو دةولَـةتـةوة (عیَراق و بەریتانیـەکان) هیَرش کراوةتـة سـەر سلیَمانی و خـةلَکەکـەیي و کوشت و کوشتاری زؤرکراوة، بەلآم کوشتاری ٦ي ئەیلولی بەردەرکی سەراي سلیَمانی رووداویَکی دیارو بەرضاوة ضونکة خەلَکیَکی زؤری مەدةنی کرانة ئامانج.

ثاش ئـەوەی لـەمانطی ئـەیلولی ١٩٢٩ دةولَـةتی بـەریتانیای مـةزن برِیاریدا عیَراق بکاتـة ئەندامی کؤمةلَەی طەلان و سەربەخؤیي ثيَ بدات، ئەوةبوو لـەناو روناکبیران و خـەمخؤرانی کورد لەسلیَمانی یاداشتیَك ئاراستەی کؤمةلَـەی طـةلان بکريَ و دةسـةلاتیَکی خودموختاریش بيَ بـەکورد بدريَ لـەذیَر هەیمەنـەو ضـاودیَري بـەریتانیادابيَ، بـەلآم عیَراق و بـەریتانیا ئـەمـة ثیَضــەوانة تیَطـەیشـتن و ثیَیـان وابـوو هەولَیَکـة بـؤ سـەربەخؤیي، هەربؤیـة ثـاش طریَـدانی ریَکـەوتنامـەی ١٩٣٠ی بـەریتانیاو عیَراق کەبـەهیض شـیَوەیەکي بنـەرِةتی باسـی مافـەکانی طـەلی کـوردی نـەکردبوو، ئـەوةبوو لـە٦ي ئـەیلولی ١٩٣٠ لەبـەر دەرکـی سـەرای سـلیَمانی خؤثیشـاندان و نـارِةزایي دروسـت بـوو دذي حکومــەتی عیَراقــی و ثشـیَوی لیَکـەوتــەوەو لەئەنجامی دةسترِیَذي طولـەی هیَزەکانی حکومـەت لەخؤثیشاندەران ذمارەیـەکی زؤر لـەخـەلَکی شەهیدو بریندارِبوون و هەندیَکیش طیران و (تؤفیق وەهبي) ثاریَزطاری سلیَمانیش لەکارەکەی لابراو و دؤخیَکی ناخؤش و نەخوازراو هاتەکایەوة[١٨].

دووةم/ هیَرشي سەربازی دذي شیَخ ئەحمەدی بارزان

شیَخ ئـەحمـەدی بارزان سـەرؤك عەشیرةت و دةمسثی بنەمالَـەی بازانیـەکان لەناوضـەی بـارزان و دةوروبـەری دذی حکومـەتی عیَراقـي وةسـتایەوەو داوای مافـەکانی طـەلەکـەی ئـەکرد وەکو خودموختاری لەنیَوان سالآنی ١٩٣٢- ١٩٣٤، بەلآم سوثای عیَراق بەشیَوەیەکی توند بەهاوکاری و ثالَثشتی فرِؤکەکانی بەریتانیا هیَرشی کردة سەر ناوضـةکاني بارزان و دەستی کرد بەکوشـتنی خـةلَك و ویَرانکردنـی ناوضـةکة، تـةنها لەسـيَ ناوضــةدا (بـەرؤذ، مـزوری و شیَروان)دا ٧٩ طوندی ویَرانکرد کـةبریتی بوون لـة ٢٣٨٢ مـالأ، تەنانـەت ئـەم کوشـتن و دةربـەدەرکردنـة لـەکاتی ئاسایشـیدا نـەوةسـتاوەو راطواسـتن و بـةعـەرةبکردن لەهـةنـديَ ناوضــة بـەردەوام بووة[١٩].

سێیەم/ هێرشي دووەمی سەر ناوضەی بارزان

جاریَکیترو لەنیَوان سالآنی ١٩٤٣- ١٩٤٥ شەرِو راشەرین لەناوضەکانی بارزان بەریَبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی دذی حکومەتی عیَراقي دەستي ثیَکردەوە، ئەم شەرِە هیَندە قورس بوو سوثاي عیَراقي لەلایەن ذةنەرالَیَکی بەریتانی بەناوی (رینتۆن) سەرکردایەتی دەکراو نزیکەی ٢٥ هەزار سەربازیش تیایدا بەشداربوون، ثاش دووسالَ لەشەرِو ململانیَي سەخت لەنیَوان هەردوولاو هیَرشي بەردەوام و کاولکاری حکومەتی عیَراقي بۆسەر ناوضەکانی شۆرِش، مەلا مستەفای ریَبەری شۆرِش بەناضاری ناوضەکەی جیَهیَشت و رویکردە ناوضە کوردییەکانی ئیَران سەربازی سەدەها کوذراوو برینداروو ویَرانبوونی ضەندەها طوندو ریَطاوبان[٢٠].

ضوارەم/ هیَرشەکان دذي شۆرِشطیَرانی ئەیلولی ١٩٦١- ١٩٧٥

ثاش سەرکەوتنی شۆرِشي ١٤ي طەلاویَذی ١٩٥٨و دامەزراندنی رذیَمی کۆماری و روخاندنی رذیَمی ثاشایەتی لەعیَراقدا ثەیوەندییەکانی نیَوان بزوتنەوەی ضەکداری کوردو حکومەتی عیَراق بەرەو باشبوون رۆیشت، بەلآم زۆری نەخایاند ثەیوەندییەکانیان بەشیَوەیەك تیَکضوو طەیشتە شەرِیَکی سەختی ضەکداری کەنزیکەی دەیەو نیویَکی خایاند، ئەم شەرِە هیَندە قولَ و دریَذبوو زیانیَکی زۆری ماددی و طیانی بەهەردوولا طەیاند بەتایبەتیش بۆ کورد، تەنانەت سالَی ١٩٦٩ بەعسیەکان کەبۆ جاری دووەم طەیشتنەوە دەسەلآت ضەکی قەدەغەکراوی وەکو (ناثالَم)یان دذي طوندەکانی کوردستان بەکارهیَناو خەلَکیَکی زۆر دووضاری راوەدوونان و کوشتن و دەربەدەرکردن بوونەوەو سەدەها طوند خاثورکران[٢١].

ثیَنجەم/ سیاسەتی تەعریب و راطواستن

لەطەلأ دروست بوونی دەولَەتی عیَراقي نویَ، سیاسەتی تەعریب و راطواستن و زۆرەملیَ بووە خەسلَەتیَکی دیارو ئاشکرای سەرجەم حکومەتەکانی عیَراق لە ١٩٢١ەوە تا ٢٠٠٣، بەلآم لەسالآنی ١٩٧٥ بەدواوە ئەم سیاسەتە تۆختر بوەوو زۆرتر کاری لەسەر دەکرکرا بەرامبەر بەمیللەتی کورد، رەشەکوذي و تالآنی حەرەس قەومیەکان لە ١٩٦٣ و بەکارهیَنانی ضەکی کیمیاوي لەسالآنی شەستەکان و راطواستنی کوردانی فەیلی لەحەفتەکان و داهیَنانی ناوضەی قەدەغەکراوو ئەنفالکردنی هەشت بارزانی لەسالَی ١٩٨٣ و ویَرانکردن و ضۆلَثیَکردنی دانشتیواني طوندەکان لە ١٩٨٥بەدواوە بەشیَکی طەورەی سیاسەت و ئامانجي حکومەتی عیَراقي بوو لەوکاتەنەدا کەبەهۆیەوە هەزارەها خەلَك تیاضوون لەکوشتن و وون بوون و نەفي کردن و زیندانی کردن و ویَران کردنی سەدان طوندو دەیەها شارو

شارۆضكةو سةربای زیانة ئابورییةكان، ناوي ضةندةها طوندو شارو شارۆضكة طۆڕدراون بۆ عةرةبی و خةڵكانی عةرةب لةشوێنیان نیشتةجێ كران[٢٢].

شةشةم/ هێرشی ثرۆسةكانی ئةنفالي ١٩٨٧- ١٩٨٨

هێرشةكانی ئةنفالی ١٩٨٧- ١٩٨٨ كارێكی لةخۆڕاو كتوثڕ نةبوو، بةڵكو ثیلانێكی دارِێذراوی رذێمی بةعس بوو كةدةمێك بوو خةریكی جێبةجێكردنی بوو. لةسالآنی ثێش هێرشةكاندا هةنطاوةكانی ئةم كارة دةستی ثێكردبوو، وةكو سوتاندن و روخاندنی بةشێكی زۆری طوندةكان و دةربةدةركردنی دانیشتوانةكانیان و لةرێطای ثیاوة بةكرێطیراوو ضةكدارة كوردةكانی لایةنطری خۆیةوة خةریكی دۆزینةوةی ضۆنێتی دةستطةیشتن بوو بةو طوندو ناوضانةی نیازی ئةنفالكردنیان هةبوو.

شالآوةكانی ئةنفال یاخود ثرۆسةكانی ئةنفال زنجیرةیةك هێرشی سةربازی زةمینی و ئاسمانی بوو، لةلایةن حكومةتی ئةوكاتةی عێراقةوة بةرامبةر بةناوضة كوردنشینةكانی كوردستانی عێراق ئةنجامدرا لةمانطی شوباتی ١٩٨٨ دةستی ثێكردو لةمانطی ئةیلولی هةمان ساڵدا كۆتایي هات، ئةم هێرشانة بةشةش قۆناخ ئةنجامدراو زۆربةی ناوضةكانی كوردستانی هةر لةدهۆك و بادینانةوة هةتا طةرمیان و هةڵةبجةشي طرتةوةو ضةكی قةدةغةكراوی كیمیاویشي تێدا بةكارهات كةبةهۆیةوة نزیكةی ١٨٢ هةزار كةس بێ سةروشوێن كران و ٤٥٠٠ طوند روخێنران و سةدان هةزاریتریش ئاوارةو بێ ماڵ و جێطابوون، ئةمةو سةرباری زیانة ئابورییةكان كةبةدةیان ملیار دۆلار مةزةندة دةكرێ[٢٣].

دةتوانین بلَێین لةطةلَ دروست بوونی دةولَةتی عێراقي نوێ لةئةنجامی ثشتطوێخستنی مافةكانی طةلی كورد لةلایةن حكومةتة یةك لةدوای یةكةكانی عێراقةوة شةرِو كوشتارو ململانێي توندی ضةكداری بووة بةشێكی طرنط لةذیانی سیاسي و سةربازی هةردوولاو هێرش و ثةلاماردان و كوشتن و تالآنكردن و راطواستن و خاثوركردن و بةعةرةبكردن سیمایةكی بةرضاوی حكومةتةكانی عێراق بووة دذی میللةتی كوردو خاكةكةيي و ثرۆسةكانی ئةنفالی ١٩٨٨یش تةواوكاری ئةم قۆناغانةیة.

بةشی دووةم/ ثةیوةندییةكانی ئةمریكاو عێراق و كاریطةری لةثرۆسةكانی ئةنفالدا

تةوةرةي یةكةم/ ثةیوةندییةكانی ئةمریكاو عێراق

سةرةتا بۆ ئةوةی لةكاریطةری ثةیوةندییةكانی عێراق و ئةمریكا تێ بطةین لةثرۆسةكانی ئةنفالدا، طرنطة لةهاتنی ئةمریكییةكان بۆ ناوضةكةو دروست بوونی ثةیوةندی نێوان هةردوو دةولَةت و ثاشان تێروانینی ئةمریكییةكان بۆ كوردو دۆزةكةی بكۆلَینةوة.

سەرەتای هاتنی ئەمریکیەکان بۆ ناوضەکە (رۆذهەلآتی ناوەراست) دةطەرِيَتەوة بۆ سەردەمی عوسمانیەکان، کاتێك یەکەم نزیك بوونەوة لەنیَوان هەردوو دةولَەت هاتةکایەوة لەسەدەی نۆزدە، ثاشان وردة وردة ثةيوةندييەكانيان ثەرەيسەندو لەسالَی ١٨٣٠ یەکەم ثەیماننامەی دۆستایەتی و ئابوری لەنیَوان هەردوولادا مۆرکرا، بەثيَي ثەیماننامەکەش ئەمریکا ضەند ضاوطيكى دةسكةوت وةك دامةزراندنی کونسولَخانەو مافي كةشتيرانی لەئاوةكانی دةولَةتی عوسمانيدا ئەمەش هةلي بۆ ئەمریکا رةخساند بۆ ئةنجامدانی ثرِۆسەی ئالَوطۆرِی بازرطانی لەويلايةتەكانی دةولَەتی عوسمانی، يةك لةوانةش ويلايةتی موسلَ بوو. لەنيوةی يەکەمی سەدەي نۆزدەش دةستيكرد بةكردنەوةی کونسولَخانة لةزۆرينەی ويلايةتەكانی دةولَەتی عوسمانی و بەغداش يەك لەو شويَنانەبوو کونسولَخانةی تياكرايەوة[٢٤].

طرنطيدانی ئەمریکا بەناوضەكة بەردةوام بوو، بەتايبةتی بۆ دةسخستنی ضاوطی نەوت لەدةولَەتی عوسمانیدا، هەرضەندة ثيَش جەنطی جیهانی یەکەم ئەم مافەی وةرطرت لەناو ويلايەتەكانی عيَراقدا، بەلآم رووداوةكانی ثيَش جەنطەكەو بيَ لايەن بوونی لەجەنطەكەدا نەيتوانی بەوشيَوةيەی خۆي دةيويست بطاتە ناوضەكة[٢٥]. بەلآم ثيَش كۆتايي هاتنی جەنطەكەو لەسالَی ١٩١٧ بەشداري شەرِەكەی كردو ضووة ثالأ دةولَەتانی هاوثەيمانی بەريتانياو دذی عوسمانی و ئەلَمانەكان وةستايەوةو بووة فاكتەری سەركةوتنی شەرِەكةش بەسوودی هاوثەيمانەكان. ثاش كۆتايي هاتنی جەنطەكة (ودرۆ ويلَسن)ی سەرۆكی ئەمریکا جارِنامەكەی بلآوكردةوة كەخۆي دةبينيەوة لە ١٤ بەندو باسی مافي ضارةنووسی طەلانی ذيَردةسةلآتی عوسمانی دةكرد، ئەمەش لەرِۆذنامەكانی ويلايەتەكانی بەغداو بەسرةو موسلأ بلآوبويەوةو طرنطی زۆری ثيَدرا[٢٦].

دواي يەكلايي بوونەوةی كيَشەی ويلايەتی موسلَ سالَی ١٩٢٦ ئەمریکیەکان ثيشكي خۆيان وةرطرت لەنەوتی كەركوك بەريَذەی لە (٢٣.٧٥%) و لەهةولَيكی ديكةشيدا سالَی ١٩٣٠ ثەیماننامەی عيَراقي- ئەمريكی لەنيَوان هەردوولادا واذۆكرا، كەبەثيَي ثەیماننامەكەش ئەمریکا ئامادةيي فةرهەنطی و رۆشبيری لەعيَراق و كوردستان دةبوو، ئەمەش يەکەم ثەیماننامەبوو ئەمریکا لةطةلَ دةولَةتيَكی رۆذهەلآتی ناوەراست واذۆی بكات[٢٧].

سالَی ١٩٤٢ (ويندلَ ويلكي) وةك مةندوبی تايبةتی سەرۆكی ئەمریکا طةيشتة عيَراق و بەئامادةبوونی ليَثرسراوانی شانشينی عيَراقي و مةندوبی بەريتانی لەكۆشكی رةحابي ثاشايي ثيَشوازييةكی طەرمی ليَكراو جةخت لەدۆستايەتی هاريكاری نيَوان هەردولا كرايەوة، سالَی دواتر لە ١٩٤٣ ئەمریکا هاوكاری و كۆمةكی طةياندة عيَراق كةبەهاكەی (٧٧) مليۆن دۆلاربوو لەبەرهةمی كشتوكالَی و ثيشةسازی ئەمریكی، سالَی دواتريش هاوكارييةكان بەردةوام

بوو و ئەم هاوكاريیانـەش بۆ ئەوكاتەی عێراق طرنط بوو بەهۆی كاريطەرييەكانی جەنطی جيهانی دووەمـەوە لـەدۆخێكی ئابوری خراثدابوو[٢٨]، ثەيوەندييـەكانی نێوان هەردولا بـەردەوامبوو هـەر لەسـەردانی وەسـی عێراقـەوە بۆ ئـەمريكاو تادەطات بەسودمەندبوونی عێراق لـەثرۆذەی ئـاي ظـی و بـانكی نێودەولَـەتی و دواتـريش عێراقيـەكان داوای هاوكـاري سـەربازييان كـردو ئەمريكيـەكانيش بەئـەريَ وەلآميـان دانـەوەو لەلايـەنی هاوكـاری سـەربازی و نۆذەنكردنـەوەی سوثای عێراقەوە جەنەرالأ مايەر طـەورە ئەفسەری سوثاي ئەمريكا طەيشتە عێراق و لەهەمان كاتدا سەرۆكی ئەركانی سوثای عێراقيش سەردانی ئەمريكا كرد بۆهەمان مەبەست[٢٩] .

ثەيمانی (بەغدا) كەلەمانطی شوباتی ١٩٥٥ بەسترا لـەنێوان عێراق و توركياو دواتريش ئێران و ثاكسـتانيش ضـوونە ثالَی و هەرضـەندە ئـەمريكا ئەندامی ثەيمانەكـە نـەبوو، بـەلآم رۆلێكی طەورەی هەبوو لەكاراكردنيداو بەشێوەيەكی ناراستەوخۆش بووە ئەندامی كەمەبەست لێـي طـەمارۆدانی زيـاتری يـەكێتی سۆظێت و طـەورەبوونی زيـاتری دەولَـەتانی هاوثـەيمانی ئـەمريكابوو، كەشـەرِی سـارديش زۆر نـەبوو دەسـتی ثێكردبـوو[٣٠]. بـەم شـێوەيە ئـەمريكا لەسەردەمی ثاشايەتی عێراقدا بناخەی ثەيوەندييەكی باشی دانابوو لەطـەلأ شانشينی عێراقدا، طەرضـی درەنطيش دەستی ثێكرد، بـەلآم هـەنطاوی باشـی نـابوو بۆ قايمكردنی ثێطـای خۆي لەعێراقدا.

رووداوەكانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ كەتيايدا قاسم و هاوثەيمانەكانی كۆتاييان بـەرذێمی ثادشـايي هێنـاو سيسـتەمی كۆمـاري جێطـای طرتـەوە، سـەرەتا ئەمريكيـەكان هـيض كاردانـەوەيـەكی وايـان نـەبوو بـەلَكو وەك رووداوێكـی نـاوخۆيي سـەيريان كـرد، بـەلآم دواتـر كـەرووداوەكان ثـەرەيان سـەندو مەترسـي لەسـەر بەرذەوەندييـەكانی (ئـەنطلۆ- ئـەمريكی) دروستكرد، سـەرۆكی ئـەمريكا (دوايت ئايزنهـاوەر) شۆرشـەكەی بەشۆرشـی كۆمۆنيسـتی دايـە قالَـەم و ثێـی وابـوو طـەر رووداوەكـان بەوشـێوەيە بـەردەوام بـن و هەلَوێسـت بەرامبـەريان نەطيرێتەبـەر ئـەوا دەبێتە مايـەی كۆتـايي هاتنی هەذموونی رۆذئـاوا لەناوضـەكە، هەرضـەندە ئەمريكيەكان ضـەندين بذاردەي سەربازييان ثێشنيار كـرد، بـەلآم هەمووي رەتكرايـەوە بـەبيانووی مەترسـی هەلَگيرسـاندنی شـەرِ لەطـەلأ روسـيا[٣١]. بـەم شێوەيە لەطـەلَ نزيكبونـەوەی سۆظێت لەكۆماری عێراقي تازە ثەيوەندييەكانی ئەمريكاو عێراق وەكو جاران نـەماو بـەرەو خاوبوونـەوەو نـەمان رۆيشت، هەرضـەندە ضـەند جارێكيش ئـەمريكا هەولَيدا بـەهاوكاری بەعسيەكان قاسم لەدەسەلآت بخاو تيرۆري بكەن، بەلآم هەولَەكانی سەركەوتوو نەبوو.

ثاشان دةزطاى هةوالَطرى ئةمريكا (سي ئاى ئةى) رؤلَيَكى طةورةى هةبوو لةكودةتاى ٨ي شوباتى ١٩٦٣ي عةبدولسةلام عارف و بةعسيةكان كةتيايدا كؤتايي بةدةسةلآتى عةبدولكةريم قاسمى هاوثةيمان و دؤستى بلؤكى شيوعي هات و دةسةلآتيَكى تازة جيَطاى طرتةوة[٣٢]. دوو رؤذ دواى كودةتاكةش لة١٠ي شوبات ئةمريكا بةرةسمى دانى نا بةكودةتاكةدا، ئةمةش بةلَطةى بوون و بةهيَزى ئةمريكابوو لةو كودةتايةى كةتيايدا قاسميش بووة قوربانى و كوذرا[٣٣]. دواى ئةم رووداوانةش ثةيوةندييةكانى نيَوان هةردوولا بةرةو باشى رويشت هةم لةبوارى سياسي و ديبلؤماسى هةميش لةبوارى ئابورى و فةرهةنطى.

لةكودةتاى دووةمى بةعسيةكان ١٧-٣٠ تةموزى ١٩٦٨ سةرةتا ئةمريكيةكان بةثاساوى نةبوونى بةرضاو روونى هيض ئاماذةيةكى ئةريَنى يا نةرينيان نةدا، بةلآم دواتر لةلايةن سةرانى بةعسةوة هيَرشي توند كراية سةر ئيسرائيل و ئةمريكاو طرتن و كوشتنى هةنديَ لةئةمريكى و لايةنطرانى ئةمريكيةكانى ليَكةوتةوة، دواتريش هةولَى كودةتايةكى سةرنةكةوتوو دذى بةعسيةكان كةبةثيلانى ئةمريكاو دؤستةكانيان دةزانى وايكرد بةعسيةكان زياتر لةئةمريكيةكان دووربكةونةوةو لةسؤظيَت نزيك ببنةوة ئةمةش دووبارة ثةيوةندييةكانيان بةرةو تيَكضوون بردةوة[٣٤]. ليَرة بةدواوة ئةمريكا كةوتة يارمةتيدانى نةيارانى بةعسيةكان لةوانةش بزوتنةوةى ضةكدارى كورد لةريَطاى ئيَرانةوة، عيَراقيش زياتر لةسؤظيَت نزيك بووةو لة ١٩٧٢ هةم نةوتى ولآتى خؤمالَيكرد، هةميش ريَكةوتنامةى هاوريَتى و هاريكارى لةطةلأ سوظيَت واذؤكرد لةهةموو بوارةكانى سياسي و سةربازى و ئابورى و ديبلؤماسى. لةدواى ريَكةوتننامةى جةزائيريش لة٦ي ئازارى ١٩٧٥ لةنيَوان هةردوو دةولَةتى عيَراق و ئيَران، كةوةزيرى دةرةوةى ئةوكاتةى ئةمريكاش هينرى كيسنجةر رؤلَى تيَدابينى ثةيوةندييةكانى نيَوان هةردوولا بةرةو باشبوون رؤيشت ثاش ئةوةى ئةمريكا برِياريدا ثةرِةيةكى تازة هةلَبداتةوة لةطةلَ عيَراق و ثةيوةندييةكانيان ئاسايي بكةنةوة لةسةر حسابى دؤزى كورد[٣٥]. ثةيوةندييةكانى ئةمريكى- عيَراقي هةلَبةزو دابةزى زؤرى بةخؤيةوة بينيوة لةم ماوةيةو جيَطرو ضةسثاو نةبووة، بةلَكو بةثيَي باردؤخي سياسي و سةربازى و طؤرانكارييةكانى ناوضةكةو دنياش طؤراِوة، بةلآم ئةوةى طرنطة ليَرةدا ئةوةية كةهةم عيَراق و ثيَطةو نةوتةكةى بؤ ئةمريكا طرنط بووة هةميش ئةمريكا وةك زلهيَزو جةمسةريَكى طةورةى دنيا بؤ عيَراق طرنط بووة.

سةبارةت بةدؤزى كوردو ثةيوةندى ئةمريكى- كوردى بةشيَوةيةكى ديارو روون دةطةرِيَتةوة بؤ ضواردة خالَةكةى ودرؤ ويلَسنى سةرؤكى ئةمريكا كةلةدواى جةنطى جيهانى يةكةم بلآوى كردةوة سةبارةت بةمافى ضارةنووسي طةلانى ذيَردةستة بةتايبةتيش ئةوانةى

ذیر قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانی[٣٦]، دواتریش ئەمریکییەکان ڕۆڵێکی خراپیان طێڕا لەضەسپاندنی ثەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣ و ثشتطیرییەکی زۆری تورکەکانیان کرد بۆ دەرضوواندنی ئەم ثەیماننامەیەو هەڵوەشاندنەوەی ثەیماننامەی (سیظەر)ی ١٩٢٠ کەتیایدا مافی بەکوردەکانی تورکیاو عێراق دابوو قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆخۆیان ضێ بکەن، هەرضەندە لەدوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە ثشکی خۆی لەنەوتی ویلایەتەکە وەرطرت. لەساڵی ١٩٤٣ کاتێك ڕاثەرینی دووەمی بارزان دەستی ثێکرد ئەمریکا هەڵوێستی خۆی وەرطرت و وەزیرە دانوسکارەکەی (لوی هندرسۆن) لەعێراق ڕاسثارد زانیاری لەسەر شۆڕشەکە کۆبکاتەوە، طرنطیدانی ئەمریکاش بەم کارە دەطەڕێتەوە بۆ طرنطیدانی ئەمریکا بەبارودۆخی ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و هەرئەمەش هۆکاربوو وایکرد ئەمریکا هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر ڕاثەرینی دووەمی بارزان ١٩٤٣- ١٩٤٥ بنوێنێ[٣٧].

لەدوای ڕووداوەکانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و تێکضوونی ثەیوەندییەکانی ئەمریکاو ڕذێمی تازەی عێراق ئەمریکا طرنطی بەکوردەکانی عێراقداو داوای لەئێرانی هاوثەیمانی کرد هێزی سەربازی لەناوضەکانی کوردستانی عێراق جێطیربکاو ڕادیۆیەکیش بەزمانی کوردی دابمەزرێنێ، ئەمەش بەشێك بوو لەو ثلانەی کەئەمریکییەکان دایانڕشت بەمەبەستی ڕێطریکردنی زیاتر لەتەشەنەکردنی بیری کۆمەنیستی لەناوضەکە[٣٨]. دوای هەڵطیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١یش (مەلا مستەفا بارزانی) ڕابەری شۆڕشەکە ویستی ثشتیوانی ئەمریکییەکان بەدەست بێنێ، بەڵام بەهۆی ثەیمانی (سەنتۆ)وە کەتورکیاو ئێرانی تیابوو بەدەستهێنانی ئەو ثشتیوانیە قورس بوو، تەنانەت بەهۆی ئەو هاوثەیمانیێتیەوە کەلەطەڵ ئەو دوو وڵاتە هەیانبوو دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان نەیانتوانی هاوسۆزی خۆشیان بۆ شۆڕشەکە دەببڕن[٣٩].

بەدرێذایی ساڵانی شەستەکان طەرضی ثەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراق هەڵبەزو دابەزی زۆری بەخۆیەوەبینی تەنانەت ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی جەنطی عەرەب- ئیسرائیلەوە طەیشتە بضڕان و نەمان، لەولاشەوە سەرکردایەتی کورد بەردەوام داوای هاوکاری و کۆمەکی لەئەمریکیەکان دەکرد، کەضی ئەمریکیەکان، کێشەی کوردیان بەکێشەیەکی ناوخۆیی عێراقی دەزانی و دەستی هاوکارییان بۆ درێذنەکرد، بەڵام ثاش ئەوەی جارێکیتر شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردا دروست بوەوە لە ١٩٦٩ ئەمجارە سەرباری ئەوەی ئێران ثشتطیری شۆڕشی کورد دەکرد ئەمریکیەکان بەهۆی ثاڵثشتی ئێرانەوە کەمێك هاوسۆزییان بۆ کێشەی کورد دەربڕی[٤٠].

ثاش تيَكضوونى ثةيوةندييةكانى ئيَران و عيَراق لةسالَى ١٩٧٢ لةلايةك و تيَكضوونى ثةيوةندييةكانى كوردو حكومةتى عيَراقي، ئيَران كةوتة نزيكبوونةوة لةكوردو يارمةتيدانيان لةرووى لؤجيستيةوة، ئةمةش سةرةتاى هاوكارى و طرنطيدانى كوردبوو لاي ئةمريكيةكان وةك بةشيَك لةنةخشةو ثيلانى رووبةرووبونةوةى عيَراق و سؤظيَت[٤١]. هةرضةندة لةنيَوان سالآنى ١٩٧٢- ١٩٧٥ ئةمريكيةكان بةشيَوةيةكى نهيَنى و كةميش يارمةتي شؤرِشةكةي كوردياندداو نةياندةويست كورد بةتةواوى سةركةويَت، بةلَكو تةنيا بةشيَك بوو لةوثلانةى لةبةردةمى هةذموونى سؤظيَتدا دانرابوو، بةلآم لةدواييدا ثاش ئةوةى لة ٦ي ئازارى ١٩٧٥ ئيَران و عيَراق ريَكةوتنامةى جةزائيريان ئيمزاكرد، ئةمريكيةكان و ئيَرانيةكان ثشتيان كردة شؤرِشةكةى كوردو ئاشبةتالَيان ثيَكردن، سةربارى داواى زؤرى كوردةكان ليَيان بةوةى بةتةنيا جيَيان نةهيَلَن بةلآم هةولَةكةيان بيَسوودبوو[٤٢].

بةم جؤرة دةبينين ثةيوةندى كوردى- ئةمريكى ثةيوةندييةكى لاوازو نابةرامبةرو لاسةنط بووة، كورد بةحوكمى ئةوةى كيانى سةربةخؤي خؤي نةبووةو ئةمريكيةكانيش زؤربةى كات دؤستى ولآتانى داطيركاري كوردستان بوونة نةكورد توانيويةتى ببيَتة مايةى كارت و هيَزيَكى طرنط بؤ ئةمريكيةكان، نةئةمريكيةكانيش ويست و ئيرادةو ستراتيذيَكى روونيان هةبووة بةرامبةر بؤكوردو دؤزةكةى، ئةمةش هةمووى لةزةرةرى كوردو قازانجى نةيارةكانيدا بووة.

**تةوةرةى دووةم/ كاريطةرى ثةيوةندييةكانى ئةمريكاو عيَراق لةثرؤسةكانى ئةنفالدا**

سةرةتا طرنطة ئامادة بدةين بةسةرةتاي سةرهةلَدانى شةرِي عيَراق و ئيَران، وةك دةستثيَكى كيَشةكةو ثاشانيش هةلَويَستى ئةمريكا لةمةرِ كيَشةكةو بةتايبةتيش بةرامبةر عيَراق، ضونكة ثرؤسةكانى ئةنفال بةشيَك بوو لةو شةرِو كوشتارةى ئةوكاتة لةناوضةكةدا هةبوو، ض لةنيَوان عيَراق و ئيَران، ض لةنيَوان عيَراق وةك دةولَةت و بزوتنةوةى ضةكدارى كورد لةباشورى كوردستان.

كيَشةكانى عيَراق و ئيَران رةط و ريشةيةكى قولَيان هةيةو بةتةنيا زادةى ئةو سالآنة نية شةرِةكةى تيَدا بةرثابوو، بةلَكو دةطةرِيَتةوة بؤ ثيَش سالآنى زايين لةنيَوان دةسةلآتدارانى هةردوو دةولَةتةكة (هةلَبةت ليَرةدا مةبةست حكومرِانانى سةرخاكى هةردوو دةولَةتةكةية نةك ئةو دوو دةولَةتةى لةئيَستادا بةو دوو ناوة بوونيان هةية)، ثاشانيش سةردةمى هةردوو خةلافةتى عوسمانى و فارسي و تا دةطات بةرووداوةكانى ميَذووى نويَ و دامةزراندنى هةردوو دةولَةت لةضةرخى نويَدا[٤٣]، بةلآم رووداوطةليَكى هةنووكةيي هةبوون راستةوخؤ كاريطةريان لةسةر هةلَطيرساندنى شةرِةكة هةبوو لةمانطى ئةيلولى ١٩٨٠، هةر لةثاشطةزبوونةوةى سةدام حسيَنى سةرؤكى ئةوكاتةى عيَراق لةوبةليَنانةى بةشاي ئيَرانى

دابوو لەرێکەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥ بەوەی طەر شاي ئێران دەستبەرداری یارمەتیدانی بزوتنەوەی ضەکداری کوردبێ لەبەرامبەردا لەئاوەکانی ( شط العرب)ی نێوان هەردوولا سنورەکانی فراوانتر بکات و نیوەی دەداتێ تادەطات بەمەسەلەی هەرِەشەو مەترسی ناردنەوەی دەرەوەی شۆرِشي کۆماری ئیسلامي ئێران بۆ ناوضەکانی دەرەوەو بەتایبەتیش عێراق، لەطەلَ دەستێوەردانی دەرەکی و دنەدانی عێراق لەلایەن هەندێ دەولَەتی هەرێمی و نێودەولَەتیەوە بەوەی ثەلاماري رذێمی تازەی ئێران بدات و هەندێ هۆکاری تریش لەوانە کێشەکاني دیاریکردنی سنورە ئاوي و وشەکانیەکان و بووني شیعة مەزهەبێکی زۆر لەعێراق و...تاد[٤٤]. شەرِي عێراق و ئێران سەرباری ئەوەی درێذترین جەنطی سەدەی بیستەم بوو، لەماوەی هەشت سالَی جەنطەکەدا ثێنج قۆناغي بەخۆیەوە بینی بەم شێوەیة:

قۆناغي یەکەم/ لە ٤ هەتا ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بەبۆردمانکردنی شارە سنورییەکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە وەکو خانەقین و زورباتیەو مەندەلی و نەفتخانە، ثاشان وەلآمدانەوەی عێراق بەبۆردمانکردنی ضەند شارێکی ئێران و داخستی هاتوضۆي کەشتیوانی لەئاوەکانی شەتولعەرەبدا.

قۆناغي دووەم/ لە ٢٢ هەتا ٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٠ بەهەولَدانی عێراق بۆلەباربردنی هێرشەکانی ئێران و دوورخستنەوەی طۆرِەثانی عێراق لەشەرِەکەو بضوکردنەوەی سەرکەوتنە ئاسمانیەکانی هێزەکانی ئێران.

قۆناغي سێیەم/ لە ٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٠ بۆ ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢، بەثاشەکشەی هێزەکانی عێراق لەسنورە نێودەولَەتیەکان و طۆرِینی بەرنامەی شەرِ لەهێرشبردنەوە بۆ بەرطري.

قۆناغي ضوارەم/ لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢ هەتا ٦ي شوباتی ١٩٨٦، ثاشەکشەو تێکشکانی ضرِی هێزەکانی عێراق و دانانی نەخشەو ثیلانی کەوتنی رذێمەکەی سەدام حسێن لەلایەن ئێرانەوە.

قۆناغي ثێنجەم و کۆتایي/ لەداطیرکردنی فاوەوە دەست ثێدەکات لە١٠ی شوباتی ١٩٨٦ هەتا کۆتایي هاتن و وەستاندنی شەرِەکە لە٨ي ئابی ١٩٨٨ بەبرِیارێکی ئەنجومەنی ئاسایيشی نێودەولَەتی[٤٥].

بەم جۆرە دەبینین سالآنی ١٩٨٧– ١٩٨٨ کەساتی دانان و جێبەجێکردنی نەخشەو ثیلانی لەناوبردنی طەلی کوردە لەثرۆسەکانی ئەنفالدا، ئەو ساتەیة کەرذێمی عێراق لەطەرمەی شەرِەکەدایة لەطەلَ رذێمی ئێرانی لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هەمەهەنطی

توندی هێزە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی عێراقە لەطەڵ هێزەکانی ئێران و ثێکەوە هێرش و ثەلاماردانیانە لەهێزەکانی عێراق.

سەبارەت بەهەڵوێستی ولآتە یەکطرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر شەرِەکە سەرەتا هەڵوێستی عێراقي بەخۆثاریزی دەربرِی لەمەرِ کێشەکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رذێمی تازەی ئێران ئەمریکای ( بەشەیتانی طەورة) ویناکرد، بەمانای ئەوەی ئەمریکا باشترین هاوثەیمانی خۆي لەدەستدا لەناوضەکە، کەسنوریکی زۆری هەبوو لەطەڵ یەکێتی سۆظێتی نەیاري کلاسیکی (ئاشکرایە رذێمي شاهانشایي ثێشووی ئێران دۆست و هاوثەیمانی نزیکی ئەمریکابوو)[٤٦]، باشترین ولآتیش کەنزیکی ئێران بوو بێطومان عێراق بوو کەطرنط بێ بۆ ئەمریکا[٤٧]. هەربۆیە (برینضیسکی) راویذکاري ئاسایشي نیشتیمانی ئەمریکا هاوسۆزی عێراقي کردوو وتي: (هیض جیاوازییەك نابینین لەنێوان بەرذەوەندییەکانی ئەمریکاو عێراق)[٤٨]، ئەمەش سەرەتای ثاڵثشتی ئاشکرای ئەمریکیەکان بوو بۆ عێراق، دوای ئەوەی رذێمی تازەی ئێران ثێضەوانەی دەسەلآتی ثێشوویان دذي بەرذەوەندی ئەمریکیەکان وەستانەوەو دیبلۆماتکارانی سەفارەتی ئەمریکاش لەئێران بەدیل طیران و بارودۆخەکەی ئێجطار دذواربوو. لەولاشەوە هەرضەندە ثەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەنی ئێرانی و ئەمریکی تێکضووبوو کەضی ئەمریکیەکان هاوکاری کوردەکانی عێراقیان نەکرد[٤٩].

ساڵی ١٩٨١یش کاتێك رۆناڵد ریطان بووە سەرۆکی ئەمریکا دذایەتی خۆي بۆ سۆظێت و ئێران دەربرِي و ثاڵثشتی خۆي بۆ عێراق دووثاتکردەوە، هەرضەندە لەو ساڵەدا ریطان بەسەختی بریندارکراو یەکێك لەثزیشکەکانیشي کورد بەناوی (نەجمەدین کریم) زۆریش داوای لێکرد هاوسۆزی کێشەی کوردبێ و یارمەتي کورد بدات، سەرباری ئەوەی وەك خۆي درکی بەکێشەی کورد کردبوو، بەلآم لەئاستی سیاسەتی دەوڵەتدا بێسوودبوو[٥٠].

ساڵی ١٩٨٢ شاش ئەوەی ئێران ناوضەکانی خۆی لەذێر دەستی هێزەکانی عێراق دەرهێنایەوەو هێزەکانی موعارەزەی عێراقیش سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا، ئیدارەی ئەمریکا عێراقي لەلیستی تیرۆر دەرهێناو نەیاندەویست عێراق شکست بهێنێ و ئێران و کوردەکان سەربکەون، هەرضی کاتێکیش عێراق زیاتر توشی شکست بوایەتەوە ئەمریکیەکان زیاتر لێي نزیك دەبوونەوە[٥١]. تەنانەت لەبواری ئابوری و کشتوکاڵدا هاوکارییەکی زۆری عێراقي کرد بەثێدانی قەرزو کارئاسانیکردنی بانکەکان بۆ ثێدانی قەرز بەعێراق، سەرباری ثێدانی زانیاری سیخورِي بەعێراق بەشێوەیەکی نهێنی تا عێراق بتوانێ بەباشي سودیان لێ ببینێ[٥٢].

لەطەڵ هاتنی ساڵی ١٩٨٣ مانطە دەستکردەکانی ئەمریکا ضاودێري جموجوڵەکانی هێزی ئێرانیەکانیان کردو برِیاریشیاندا بەثێدانی ئەم زانیارییانە بەعێراق و (دۆناڵد رامسفێلد)ی

نێردەی سەرۆکی ئەمریکا سەردانی عێراقي کرد و دڵنیایي دایە سەدام حسێنی سەرۆکی عێراق کەئەمریکیەکان لەم شەڕەدا هاوکاري عێراق دەکات. لەساڵی ١٩٨٤ سعودیەکانیش بەرەزامەندی ئەمریکیەکان خۆیان ٤ فڕۆکەی ئەمریکیان لەجۆري (اواکس) پێشکەشي عێراقیەکان کرد وەکو هاوکاری لەشەڕەکەدا، لەهەمان ساڵیشدا عێراقیەکان پێنض ملیار دۆلاریان لەئەمریکیەکان قەرزکرد، وەئەمریکیەکان هانی فەرەنسیەکانیاندا فڕۆکەی (میراج)ي پێشکەتوو رەوانەی عێراق بکەن، هەروەها داوایان لەئیسثانیەکانیش کرد ضەك و کەرەستەی سەربازی بەعێراق بفرۆشن بەمەش ئەمریکیەکان هێندەیتر ثاڵنشتی خۆیان بۆ سەدام حسێنی سەرۆك کۆمار دووثاتکردەوە تا لەکەوتن بیثارێزن[٥٣].

طەرضی ناوەناوە بەهۆی بەکارهێنانی ضەکی کیمیاوی و ثێشێلکردنی مافەکانی مرۆظ و هەندآ رەفتاری خراثی هێزەکانی عێراق بەرامبەر بەکوردەکانی ولآتەکەی خۆی ثەیوەندییەکانیان کەمێ ساردی تێدەکەوت، بەلآم هیض کاتێك ئەمریکا لەهاوکاری و ثاڵنشتی هێزەکانی عێراق نەوەستاو لەولاشەوە بەرێذەیەکی بضوکیش بێ یارمەتی هێزە ضەکدارە کوردەکانی نەداوە، ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٥ دوای ئەوەی جاریکیتر رۆناڵد ریطان بەسەرۆك هەڵبذێردرایەوە دووبارە ثەیوەندییە دیبلۆماسیەکانیان دەستی ثێکردەوەو ئەمریکیەکان (٤٥) هێلیکۆثتەری طوێزەرەوەی سەربازییان بەعێراق فرۆشت[٥٤].

ئەمریکیەکان ساڵی ١٩٨٦ هەڵوێستێکی سەیری ثێضەوانەی ساڵانی ثێشوویان نواند، ئەویش ناردنی ضەکی ثێشکەوتووبوو بەئێران لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکانەی ساڵی ١٩٨٣ لەلایەن هێزەکانی نزیك ئێرانەوە لەلوبنان بەدیلطیرابوون، ئەمەش لەلایەك کاریطەري طەورەی هەبوو لەسەر شەڕەکەو ئێرانیەکان سەرکەوتنی طەورەیان بەدەستهێنا لەلایەکی تریشەوە رذێمی عێراقي تورەکردو وایکرد لەسۆظێتی نەیاری نزیکتر بێتەوە[٥٥]. لەولاشەوە نرخی نەوت زۆر دابەزی بوو کاریطەری هەردوو دەوڵەت بەتایبەتیش عێراق لەطۆڕەثانی نێودەوڵەتیدا لاوازبوو ئەمریکیەکان زیاتر هانی سعودییەکانیان دەدا تانەوتی زیاتر بخەنە بازاڕەوەو نرخەکەی زیاتر دابەزێ و ئابوری سۆظێت تەواو هەرەس بهێنێ، ضونکە سۆظێت ولآتێکی طەورەی بەرهەمێنی نەوتەو بەشێکی طەورەی ئابوری ولآتەکەی لەسەر داهاتی نەوتبوو[٥٦].

هاوکات لەطەڵ نزیکبوونەوەی ئەمریکا لەئێران، سەباری ئەوەی هێزە کوردییەکان دۆست و نزیکی ئێران بوون، بەلآم هیض کاریطەری نەبوو لەسەر طۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەریان و سیاسەتی ئەمریکا هەروەکو ثێشوو مایەوە، ضونکە لەبنەڕەتدا ئەم نزیکبوونەوەیەی ئەمریکا لەئێران تەنیا لەثێناوی ئازادکردنی بارمتەکانیدابوو[٥٧]. لەکۆتایي ساڵی

١٩٨٦يشدا يەكێك لەراثۆرتەكانى دەزطاى هەواڵطري ئەمريكا بەئاشكرا جەختيان لەسەر ئەوە كردبوەوە كەعێراق ضەكى كيمياوى بەكاردێنێ و بەهۆى كەمى تێضونيشيەوە مەحاڵە وازى لێبێنێ، وە ديبلۆماتكارانى ئەمريكا ئاطادارى ئەوەش بوون كەحكومەت خەريكى ض سزايەكى قورسە بەرامبەر بەكوردەكان و بەجۆرێك (ويليام ئيطلتن)ى ديبلۆماتكارى شارەزاى كاروبارى كوردستان ثێشبينى لەناوبردنى رەطەزو فەرهەنطى كوردى كردبوو لەلايەن رذێمى عێراقەوە طەر كارەكە بەم شێوەية بەردەوامبێ[٥٨].

مەسەلەى بارمتەكان و نەبوونى متمانەو يەكنەطرتنەوەى ستراتيذى ئەمريكا هاوتەريب بەبەرذەوەندييەكانى ئێران وايكرد جارێكيتر ئەمريكا بابداتەوە بەلاى عێراقداو دەست بكاتەوە بەنزيك بوونەوە لێى و يارمەتيدانەوەى، ذمارەيەك ديبلۆماتكارى ئەمريكا بەشێوەى راثۆرت و داواكاريش داوايان لەكاربەدەستانى بالآى ولآتەكەيان كردبوو بطەرێتەوە بەلاى عێراقدا و ثەيوەنديەكانيان بنيات بنێتەوە، هەرئەمەش بووە هۆكارى دەستثێكردنەوەى ثەيوەندييەكانيان و ئەمريكا ضاو دابخا لەئاست بەكارهێنانى ضەكى كيمياوى رذێمى عێراق بەرامبەر ئێران و كوردو دۆزى كورديش سەربارى دەيان راثۆرت و ثێشێلكارى طەورەى ماظى مرۆظ ثشتطوێ بخاو بيكات بەقوربانى بەرذەوەندييەكانى لەطەلَ عێراق[٥٩].

بەهاتنى سالَى ١٩٨٧ بەرِێوەبەرايەتى رۆنالَد ريطانى سەرۆك بۆ ئەوەى ئەو ثشێوية سياسيەى كەئيدارەكەى بەلايەنطرى ئێران لەقةلَەم دەدرا بشارێتەوەو نەيهێلَێ، ئەمريكا بەردەوام بوو بەداطرتنى هاوسەنطى خۆي بەلاى عێراقداو زياتر لێى نزيك بوەوە، لەبەرامبەريشدا هيض كاردانەوەيەكى ئاشكراى حكومەتى ئەمريكا نەبوو بەرامبەر بەكورد لەو هێرش و شالآوانەى حكومەتى عێراقي دذي كورد دەيانكات[٦٠]. لەهەمانكاتدا سەدام حسێن لە ١٩٨٧ عەلى حەسەن مەجيدى ئامۆزاى وەك لێثرسراوى لقى باكورى حيزبى بەعس دامەزراندو رايطەياند ثێويستە برِيارەكانى هاورِێ عەلى يەكلاكەرەوەبن بۆهەموو دەزطاكان، جا ض سيظل بن يا سەربازى و كێشەى كورد ضارەسەربكات و ياخيبوەكان سەرببرِێت، كەلەم كاتەدا دەسەلآتەكانى حكومەت تەنيا لەشارو شارۆضەكەكاندا مابوو بەشێكى زۆرى لادێ كوردنيشينەكانى لەدەستدابوو وەدەيويست دەسەلآتيان بۆ بطەرِێنێتەوە[٦١].

دواى دەست بەكاربوونى عەلى حەسەن مەجيد فەرمانيكرد بەهاوكارى سوثاو جاشە كوردەكان دەست بكرێ بەهێرشي سەربازى بەضەكى قورس و بەكارهێنانى ضەكى كيمياوى بۆ سەر طوندو شارۆضكەو قەزا كوردنيشينەكان، فەرمانيشكرد كەسەرجەم طوندەكان برِوخێنرێن يا بەناوضەى قەدەغەكراو دابنرێن و ئەو كوردانەشي لەناوضەكانى خۆيان مابونەوە كەوتبوونە بەرهێرشى توندى هێزەكانى عێراق و لەذيانێكى سەختي توندابوون،

هەروەها عەلی حەسەن ئامانجیشی لەناوبردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردبوو بەتایبەتی ئەوانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دوای ئەوەشی نەیتوانی بەهێرشی سەربازی و ئاسمانی ئەو ئامانجەی بێنێتەدی دەستی بەبەکارهێنانی ضەکی کیمیاوی کرد[٦٢]، ئەمەش لەکاتێکدابوو ئەمریکیەکان زۆرنەبوو ثێیماننامەی بەکارنەهێنانی ضەکی قەدەغەکراویان واذۆکردبوو.

سەرباری ئەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی دووفاقی بەکاردەهێنا هەندێجار وەك بێلایەن خۆی نیشاندەدا، کەضی سالَی ١٩٨٧ لەطرتنەوەی فاودا لەلایەن عێراقەوە وەزیری بەرطریيەکەی (کاسثەر واینبیرطەر) خۆی بریاری بۆردومانکردنی کەشتی نەوتی ئێرانی دەرکرد لەئاوەکانی کەنداودا، هەروەها (ریك فرانکۆنا)ی سەربەدەزطای هەوالَطری بەرطری ئەمریکا خۆی ئاماذەی بەوەکردووە ضەندینجار سەردانی بەرەکانی شەرِي کردووەو ضاودێری کردوون، هەروەك رۆذنامەی نیۆرك تایمزی ئەمریکیش ئاماذەی بەرۆلَی فرانکۆنا کردووە لەدانانی ثلانی تاکتیکی شەرِ بەبۆمبارانکردنی هێزی ئاسمانی و بەکارهێنانی ضەکی کیماوی و بەتەواویش لەرێطای مانطە دەستکردەکان و هەوالَکری خۆیانەوە ئاطاداری دۆخی کوردو مەینەتیەکانی بوون بێ ئەوەی هیض بکەن بەرامبەر عێراق[٦٣].

لەمانطی نیسانی ١٩٨٧ رذێمی عێراق ضەکی کیمیاوی بەکارهێنا دذی بارەطاکانی سەکردایەتی ثارتی لەبادینان و یەکێتی لەسەرطەلَوو، وەلەمانطی مایسیشدا بەکاری هێنایەوە لەطوندەکانی شێخ وەسانان و بالیسان، کاربەدەستانی ئەمریکا هەرضەندە ئاطاداری وردو درشتی رەوشەکە بوون و ضەندین راثۆرتیان ثێطەیشت لەسەر بەکارهێنانی ضەکی کیمیاوی، بەلاَم بالَیۆزەکەیان لەبەغدا رایطەیاندووە عەلی حەسەن مەجید بەم زووانە شالاَوو هێرشەکانی کۆتایي ثێدێنيَ و رەوشەکە ئاسایي دەکاتەوە، ئەمەش واي لەئیدارەی ئەمریکا کرد وەك ضۆن بەرامبەر بەکارهێنانی ضەکی کیمیاوی دذی ئێران بێدەنطبوون بەرامبەر کوردیش بێدەنط بێ، سەرباری ثێدانی زانیاری هەوالَطری سەربازی بەعێراق، ئەمریکا کۆمەلَێك ئامێری کیمیاوی و بایلۆذی و ناوەکی و سیستەمی موشەکی بۆ عێراق رەوانەکردبوو، ئەم کەل و ثەلانە لەثیشەسازی دروستکردنی ضەکی کیمیاویدا بەکاردەهێنران و لەمیانەی جەنطەکەدا یارمەتی و قەرزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق ملیارەها دۆلاری تێثەرِکردبوو، وەئەمریکا ئەوەشی دەزانی ئەو بۆمبە کیمیاوییانە لەلایەن رۆذئاواوە بۆ عێراق دابیندەکريَ و دذي کوردیش بەکاردەهێنريَ[٦٤]، بەلاَم بەرذەوەندیي تایبەتی و دەسکەوتی ئابوری و طرنطی جیوثۆلیتیکی عێراق وایکرد بێدەنط بيَ و نیطەرانە مرۆییەکان بشارێتەوەو عێراق دەربکات لەجارنِامەی قەدەغەکردنی ضەکی کیمیاوی کاتازە جارِیدرابوو[٦٥]. بەمەش عێراق بووە یەکەم دەولَەت ضەکی کیمیاوی دذی

خەڵکەکەی خۆی بەکاربێنێ و عەلی حەسەن مەجیدیش لەوە تێطەیشتبوو ئەمریکا بەرامبەر کارەکانی بێدەنط دەبێ، بۆیە بەردەوام بوو لەهێرش و ثەلامارەکانی بۆسەر کورد[٦٦].

لەم کاتەدا رووداوێکی خوێناوی بەسەر ئەمریکیەکاندا هات لەلایەن عێراقەوە ئەویش لێدانی کەشتی Stark ( USS)بوو لەلایەن فرِۆکە جەنطیەکانی عێراقەوە لەئاوەکانی کەنداودا کەبەهۆیەوە (٣٧) سەربازی ئەمریکی کوذران، دەستبەجێ عێراق بەیاننامەیەکی دەرکردو داوای لێبوردنی کرد، خودی سەدام حسێنیش نامەیەکی ئاراستەی ریطانی سەرۆك کردو داوای لێبوردنی لێکردو ئەویش لێبوردنەکەی قبوڵکرد[٦٧].

ثاش ئەوەی حکومەتی عێراقي دڵنیابوو لەبێدەنطی ئەمریکاو وڵآتانی تری جیهان لەئاستی ئەو تاوان ثێشێلکاریانەی ئەنجامیداوە بەرامبەر بەکورد، لە٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ دەستیکرد بەدەست ثێکردنی شاڵآوێکی زەمینی و ئاسمانی ضرِ لەذێر ناوی (ئەنفال)دا بۆ طرتن و راطواستن و سوتاندن و تاڵآنکردنی ناوضەکانی کوردستان بەتایبەتیش دێهاتەکان کەثەناطەو شوێنی مانەوەو حەسانەوەو جێطا نفوزو دەسەڵآتی ضەکدارانی کوردبوو وەك کاردانەوەیەك دذي ضالاکیەکانی هێزەکانی ثێشەرطة، ئەم ثرۆسەیة کەهەشت قۆناغ بوو لەشوبات دەستی ثێکردو لەئەیلولي هەمان ساڵدا کۆتایي ثێهات کەزۆربەی هەرزۆری ناوضەکانی کوردستانی طرتەوە، تەنانەت لە١٦ی ئازاری ١٩٨٨ ضەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەکارهێنا لەهەڵەبجة کەبۆهۆیەوە نزیکەی ثێنض هەزار کەس مردن و شارەکة وێرانبوو، سەرئەنجام لەم ثرۆسە تاوانکارییەی عێراق نزیکەی ١٨٢ی هەزار مرۆطی کورد تیاضوون و ٤٥٠ طوندو دەیان شارۆضکة خاثورکران و ملیارەها دۆلاریش زیانی ئابوری هەبوو[٦٨].

ئەمریکا لەبری سەرکۆنەو ئیدانەکردن و سزادانی رذێمی عێراق بۆ ئەم تاوانە دذة مرۆظایەتیانەی ئەنجامیداوە کەهەمووی بەبەڵطەوە لابوو کەضی هێشتا نیطەرانی ئەوەبوو بەهۆي ئەم شاڵآوانەوە دەکرێتە سەر ناوضە کوردییەکان بەشێکی زۆری هێزەکانی عێراق لەبەرەکانی ثێشەوەی جەنط کشاونەتەوەو ئەمەش کاریطەری خراثي دەبێ لەسەر بەرذەوەندییەکانی ئەمریکا، وەئەوەشیان دەوت زارەوەی ئەنفال شتێکی تازەیەو هیضی لەبارەوە نازانن[٦٩]. لەهەوڵێکی سەرکردایەتی کوردیشدا (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری طشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەمانطی نیسانی ١٩٨٨ لەطەرمەی ثرۆسەکانی ئەنفالدا سەردانی ئەمریکای کردو لەطەڵ خۆیشیدا کتێبێکی برد کەزیاتر ٣ هەزار ناوی طوندی کاولکراوی کوردستانی تێدابوو، تاڵەبانی نوسخەیەك لەکتێبەکەیدا بە(ثیتەر طالبریس)ی ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی ئەنجومەنی ثیران و نوسخەیەك بۆ (ریتشارد شیفتەر)ی بریکاری وەزیری دەرەوة بۆ مافەکانی مرۆظ و نوسخەیەکیش بۆ (لاری ثۆث)ی بەرێوەبەری کاروباری باکوری

كەنداوو رۆذهەلآتى نزيك لەوةزارةتى دةرةوة، بەلآم حكومەتى ئەمريكا ئامادةنەبوو لەئاستى بالآ ثێشوازى لێ بكات و بەنهێنى لەذێرزةمينى بالآخانةكة هةنديَ وتويَذى لةطةلأكرا لةترسى ئةوةى حكومةتى عيَراق ثيَي بزانيَ و كاريطةرى لةثةيوةندييةكانيان بكات، ئەمەش دةرخەرى ئـةو راستيەبوو كـةلاى ئـەمريكا بةرذةوةندييـةكان طرنطتربـوون وةك لةمةسـةلةى مافـةكانى مرؤظ و وةستانةوة دذى جينۆسايدو تاوان و ثيَشيَلكارى قيَزةون[٧٠].

بەثيَضـةوانةى راي ئيدارةكـةى ريطـان ئەنجومـەنى ثيرانـى ئـەمريكا بـەكارهيَنانى ضـةكى كيميـاوى دذي كـورد لةهةلَةبجـة ئيدانـةكرد[٧١]، بـەلآم بـەهؤي ململانيـي نيـوان كـؤنطريَس و حكومةتـةوة وردة وردة هـةردوولايان لـەم ثرسـة ساردبونةوةو هـيض هةلَويَسـتيَكى تونـديان نةنواند[٧٢]. ئەمريكيـەكان ضـەند ثاساويَكيان هـەبوو بةرامبـةر ئـةو هةلَويَستة نةرمـةى لةمـةرِ ضـةكى كيمياوى رذيَمى عيَراق نوانديان و وايان نيشاندةدا ئةو بةكارهيَنانة دوادةرفةت بوو بؤ هيَزةكانى عيَراق بؤ ئـةوةى لـةو شكستة رزطاريـان بيَ بةرامبـةر ئيَران و هيَزة كوردييـةكان توشـيان هـاتووةو وةكـو بـةرطريكردنيَك وابـووة دذى شـالآوةكانى هيَـزة ئيَرانيـةكان و زؤريـش باوةرِيـان بـةو هةوالَـة نـةدةكرد لةلايـةن ئيَرانيةكانـةوة لةسـةر هةلَةبجـة بلآودةكرانـةوة ضـونكة رقي زؤريان ليَيانبوو وةثةيوةندييةكانيشان تـةواو تيَكضـوبوو، هةرضـةندة لةسـةرةتادا وتەبيَذى كؤشكى سثيش ثشتراستى ئةو تاوانةى كردبوةوة[٧٣].

دواى ئةوةشـى ئـەمريكا بةتـةواوى بؤى يـةكلابوةوة عيَراق ضـةكى كيميـاوى بـةكارهيَناوة، بـەلآم هيَشـتا بـةردةوام بـوو لةهاوكاريـيةكانى بـؤ رذيَمـى عيَـراق و بـةدابينكردنى كةرةسـتةى كشـتوكالَى و ثالأثشـتى و كؤمـةكى سـةربازى و ثيَدانى زانيـارى طرنط لةبـةرةكانى جـةنط، تةنانةت رؤلَيَكى طةورةشى هةبوو لةسةركةوتنةكانى عيَراق لةسالَى ١٩٨٨و طرتنةوةى فاوو سـوثاى ئيَـرانيش بةشـيَوةيةك مانـدووببوو دواجـار رازى بـوو بـةبرياري ٥٩٨ى ئةنجومـةنى ئاسايش و هةردولايان ئاطربةستيان راطةياندن و لة٢٠ى ئابي هةمان سالَدا شةرِةكة كؤتايي هـات[٧٤]. بـةكؤتايي هـاتنى جـةنطى عيَراقـي- ئيَرانـى ئـەمريكا تـوانى سـةركةوتنيَكى طـةورة بةسـةر سؤظيَتدا بةدةستبهيَنيَت ئـةويش بـةزيادكردنى نفوزى لةعيَراقدا كةلةثيَشووتردا ويَنـةى نـةبووة، ئەمـەش دةطةرِيَتـةوة بـؤ سياسـةتى ئـەمريكا بةرامبـةر بـةعيَراق بةثلـةى يةكـةم كةهاوكارييـةكى طـةورةى سـةربازى و هـةوالَطرى عيَراقـي كـردو هؤكـاريَكى طـرنط بـوو لةسةركةوتن و نةكةوتنى رذيَمى عيَراق بةرامبةر ئيَران[٧٥].

لةكؤتاييـدا دةتـوانين ئـةوة بليَـين شؤرِشـى طـةلانى ئيَرانـى سـالَى ١٩٧٩ و تيَكضـونى ثةيوةندييةكانى لةطةلَ ئةمريكاو ئةلتةرناتيظى عيَراق بؤ ئةمريكا لةبرى ئيَران و بةرذةوةندييـة سياسـي و سـةربازييةكانى ئـەمريكا لةعيَراقدا لةلايـةك و نـةبوونى كاريطـةرى كـورد لةسـةر

ئیدارەی ئەمریكاو نزیك بوونەوە لەئێرانی نەیاری ئەمریكا، ئێكەوە دۆخێكیان دروستكرد بۆ رژێمی عێراقي ئەو هەموو تاوان و كوشت و وێرانكارییانە بەسەر كوردا بهێنێ لەسایەی بێدەنطی ئەمریكاي جەمسەری رۆذئاواو دنیاشەوە.

دەرئەنجام/

لەكۆتایي ئەم تۆێذینەوەیەدا طەیشتین بەضەند ئەنجامیك بەم شێوەیە:

١- ضەمكی ئەنفال ضەمكێكی كۆنەو ثێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام ثەیدابووەو ثەیوەستە بەدابونەریتی خێڵەكانی دوورطەی عەرەبی.

٢- زارەوەی ئەنفال كەبەماناى دەسكەوت دێ، هەم لەكۆنداو هەمیش لەئایینی ئیسلامدا بۆ دەسكەوتی شەرِەكان بەكارهاتووەو ئایینی ئیسلامیش مەرجداری كردووە.

٣- رژێمی عێراق ئەم ضەمكەی لەسورەتێكی قورئان وەرطرت بۆ رەوایەتیدان بەثرۆسەكانی ئەنفال.

٤- ئامانجی هێرشەكانی دەولەتی عێراق و ثرۆسەكانی ئەنفال بەدرێذایي مێذووی دروستبوونی دەولەتەكە بۆسەر كورد بۆ لەناوبردن و سرِینەوەی رەطەزی كوردو مێذوو و كلتورو ناسنامەكەی بووە.

٥- ثەیوەندییەكانی ئەمریكاو عێراق زۆر كۆن نین و زۆریش تازەنین، بطرە لەطەڵ دروست بوونی دەولەتی عێراقي نوێ هەڵبەزو دابەزي زۆری بەخۆیەوە بینیوەو جێطر نەبووە.

٦- بەهەمان شێوەي عێراق ثەیوەندییەكانی ئەمریكاو كوردیش ناطەرِێتەوە بۆ كۆن و هاوتەریبە لەطەڵ هاتن و طرنطیدانی ئەمریكا بەناوضەكە.

٧- سەرهەڵدانی شۆرِشی كۆماری ئیسلامي ئێران و تێكضوونی ثەیوەندییەكانیان لەطەڵ ئەمریكا هۆكارێكی طرنط بوو بۆ نزیكبوونەوەی ئەمریكا لەعێراق.

٨- شەرِی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران هۆكارێكی طرنط بوو بۆ جێبەجێكردنی ثرۆسەكاني ئەنفال و بەكارهێنانی ضەكی كیمیاوی لەلایەن رژێمی عێراقەوە، ضونكە ثرۆسەكانی ئەنفال درێذكراوەی ئەو شەرِەبوو.

٩- ئەمریكیەكان رۆڵێكی طەورەیان بینی لەیارمەتیداني حكومەتی عێراقي لەدذي ئێران و ثرۆسەكانی ئەنفالدا.

١٠- كوردو بزوتنەوە ضەكدارییەكەی نەیانتوانی كاریطەري دروست بكەن لەسەر ئەمریكا بۆ ئەوەی یارمەتی رژێمی بەعس نەدەن لەسەركوتكردنی كورد.

١١- ئەمریکیەکان لەبەر ئاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەطەلَ عیَراق ضاویان نوقان لەئاست ئەو تاوانانەی رذیَمی عیَراق بەرامبەر بەکورد ئەنجامیدا، سەرباری ئەوەی ضەکی کیمیاویش بەکارهات.

١٢- دەولَەتی عیَراق توانی سوود لەبیَدەنطی حکومەتی ئەمریکا وەربطریَ و ضەکی کیمیاوي لەیەککاتدا دذي ئیَران و میللەتەکەشي بەکاربیَنیَ.


**<u>لیستی سەرضاوەکان</u>**

**یەکەم- القرأن الکریم: سورة الآنفال، ایة (١)**

**دووەم- سەرضاوەکان بەزمانی کوردي**

١- جاسم تۆفیق خۆشناو: مەسەلەی کوردو یاسای نیَودەولَەتان، سەنتەری لیَکۆلَینەوەی ستراتیذی کوردستان، سلیَمانی، ٢٠٠١.
٢- جاناتان راندل: بەم هەموو تاوانەوە لیَبوردنی ضی؟ وەرطیَرانی سەلآح ئاشتی، مەکتەبی ناوەندی راطەیاندن، ٢٠٠٣.
٣- دانا ئادەمز شمیدت: سەفەریَك بۆنیَو ثیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرطیَرانی ئەبوبکر سالَح ئیسماعیل، ضاثخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.
٤- دەیظد مەکداول: میَذووی هاوضەرخي کورد، وەرطیَرانی ئەبوبەکر خۆشناو، ضاثی دووەم، ضاثخانەی وەزارەتی ثەروەردە، هەولیَر، ٢٠٠٥.
٥- زیاد عەبدولرەحمان: تونی مەرط، هیَرشەکانی ئەنفال لەبەلَطەنامەکانی رذیَمی بەعس دا، ض٢، سەنتەری لیَکۆلَینەوەی ستراتیذي کوردستان، سلیَمانی، ٢٠٠٤.
٦- سەعید ئیسماعیل حسیَن: ئەنفالی طوندی فەقیَ مستەفا، لیَکۆلَینەوەیەکی دیمۆطرافي- ئەنترۆثۆلۆذجي- دیکۆمیَنتاریية، ضاثخانەی کارۆ، ٢٠١٨.
٧- سەمانسا ثاوەر: ئەمریکاو ئەنفال، وەرطیَرانی بەختیار کەریم، دەزطای ضاث و ثەخشي سەردەم، سلیَمانی، ٢٠٠٨.
٨- طۆران ئیبراهیم سالح: دۆزي کورد لەبازنەی ثەیوەندییەکانی ئەمریکاو عیَراقدا ، ئازاری ١٩٧٥/ کانونی دووەمی ١٩٨٩، تویَذینەوەیەکی میَذوویي سیاسية، ماستەرنامەی بلآوکراوە، کۆلَیَجي زانستە مرۆظایەتیەکان، زانکۆي سلیَمانی، ٢٠١٠.
٩- عادل سدیق عەلی: کۆمەلَکوذي کورد لەجەنطی عیَراق- ئیَراندا، ضاثخانەی ریَنوین، سلیَمانی، ٢٠١٠.
١٠- عەلی تەتەر نیَروەي (دکتۆر): بزاظی رزطاریخوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عیَراق لەسالَەکانی جەنطی عیَراق و ئیَران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨)، ضاثخا حاجي هاشم، هەولیَر، ٢٠٠٨.
١١- کریس کۆضیَرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، وەرطیَرانی حەمە کەریم عارف، ضاثی دووەم، ضاثخانەی شظان، سلیَمانی، ٢٠٠٤.
١٢- لوقمان مەحۆ: دۆزی کورد لەسیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکطرتووەکانی ئەمریکادا، وەرطیَرانی عەبدولکریم عوزیري، بەشي یەکەم، بنکەی ذین، سلیَمانی، ٢٠٠٩.
١٣- ن. لازاریف: میَذووی کوردستان، وەرطیَرانی وشیار عەبدللاَ سەنطاوی، ضاثخانەی رۆذهەلآت، هەولیَر، ٢٠٠٨.
١٤- نازناز محمد عەبدولقادر: سیاسەتی ئیَران بەرامبەر بزوتنەوەی رزطاریخوازی کورد لەعیَراقدا ١٩٦١- ١٩٧٥، دەزطای ضاث و بلآوکردنەوەی ئاراس، هەولیَر، ٢٠٠٨.
١٥- واحد عومەر محیَدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزطاریخوازی نەتەوەی کوردو حکومەتەکانی عیَراق (١٩٢١- ١٩٦٨)، لیَکۆلَینەوەیەکی میَذوویي سیاسي، سەنتەری لیَکۆلَینەوەی ستراتیذی کوردستان، سلیَمانی، ٢٠٠٦.
١٦- یوسف دزەیي: ئەنفال کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی، ضاثخانەی موکریان، هەولیَر، ٢٠٠١.

## سيَيةم- سةرضاوةكان بةزمانى عةرةبى

١- الامم المتحدة، منظمة حقوق الانسان/ فرع شرق الاوسط: جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة الانفال ضد الكرد، جمال ميرزا عزيز، مبعة الزراعة والراي، السليمانية، ٢٠٠٣.
٢- تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، بحث مؤثق في تاريخ العراق المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط ٢٠٠٢، ترجمة زينة جابر ادريس، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦.
٣- جيف سيمونز: عراق مستقبل، السياسة الامريكية في اعادة تشكيل الشرق الاوسط، ترجمة سعيد العظم، دار الساقي، بيروت.
٤- حنا بطاطو: العراق، كتاب الثالث، ترجمة عفيف الرزاز، مؤسسة الابعاث العربية، بيروت، ١٩٩٢.
٥- خليل الياس مراد: حرب الخليج وانعكاساتها على الامن القومي العربي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٧.
٦- سركوت شريف اسماعيل: العلاقات السياسية بين العراق والاتحاد السوفيتي (١٩٦٨- ١٩٩١) رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥.
٧- سنان صادق الزيدي: سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كيلة التربية، ابن رشد، بغداد، العراق، ٢٠٠٥.
٨- شكيب عقراوي: صدام نهوضاً ونكوساً، قصة صدام حسين التكريتي من المهد الى اللحد، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٩.
٩- شورش حاجي رسول: الأنفال الكورد ودولة العراق، ترجمة مديرية الترجمة/ وزارة الثقافة، ط٢، حكومة اقليم كردستان، وزارة الثقافة، دار النشر، السليمانية، ٢٠٠٥.
١٠- صباح محي الدين أمين: النزوح الكردي في العراق ١٩٧٥- ١٩٩١، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥.
١١- عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث، ج١، ط٧، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٨.
١٢- عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج٩، دار الشئون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨.
١٣- عبدالمجيد كامل التكريتي: الملك فيصل الاول ودوره في تأسيس الدولة العراقية الحديثة ١٩٢١- ١٩٣٣، دار الشئون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١.
١٤- مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، مطبهة امير، قم، ايران، ١٤١٨ هجري.
١٥- منذر الموصلي: الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١.

## ضوارةم- سةرضاوةكان بةزمانى ئينطليزى

1- Amin Saikal: The Rise and fall of the Shah, New jersey, 1987.
2- Ismael Al-Khafaji: The Parasitic Base of the Baathist in Saddam s Iraq, Revolution or Reaction Zed Book, London, 1990.
3- Joost R.Hiltermann: The 1988 Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan, Online: Stable URL, Encyclopedia, of Mass Violence, February, 2008.
4- Paul Finkelman & Peter Wallenstein: The Encyclopedia of America History, CQ Press, Washington D.C, 2001.
5- Parvis Daneshvar: Revolution in Iran, Macmillan Press, London, 1995>
6- Peter W. Galbraith: The End of Iraq, Pocket Books, ACBS Company, London, 2007.

## ثيَنجةم- طؤظارةكان

١- خةبات عةبدولآ: ئةنفال وةك كايةكى سؤسيؤلؤذي، طؤظارى (ئةنفالناسى)، ذمارة (٤)، ٢٠٢١.
٢- سةركةوت شةريف ئيسماعيل: ئةنفال، طؤظارى سالَنامةى (ضواردةى ضوار)، ذمارة (٣)، نيسانى ٢٠٠٥.
٣- سةركةوت شةريف: ئةنفال لةديدى رؤذئاواييةكانةوة، طؤظارى (عةرعةر)، ذمارة (٤)، سالَى ضوارةم، ٢٠٠٩.

٤- سەروەر عبدالرحمن عمر (دكتۆر)، طۆران ابراهيم سالح، ويلايةتە يەكطرتووەكانى ئەمريكاو طۆرانكاريیەكانى عيَراق و كوردستان (١٤ي تەموزى ١٩٥٨/ شوباتى ١٩٦٣)، طۆظارى (ئەكاديميانى كوردستان)، ذمارة (١)، كانونى يەكەمى ٢٠١٤.

٥- هيَرش مەغديد ئەحمەد، رزطار ئەنوەر خزر: شالآوى ئەنفال لەكوردستان سالَى ١٩٨٨، طۆظارى (جينۆسايد)، ذمارة (٣)، ٢٠١٧.

## الهوامش والتعليقات الختامية

[١] خەبات عەبدولآ: ئەنفال وەك كايەكى سؤسيؤلؤذي، طۆظارى (ئەنفالناسى)، ذمارة (٤)، ٢٠٢١، ل٣٠

[٢] سەعيد ئيسماعيل حسيَن: ئەنفالى طوندى فەقيَ مستەفا، ليَكۆليَنەوةيەكى ديمۆطرافي- ئەنترۆثۆلۆذجي- ديكۆميَنتاريیە، ضاثخانەى كارۆ، ٢٠١٨، ل٢٠؛ هيَرش مەغديد ئەحمەد، رزطار ئەنوەر خزر: شالآوى ئەنفال لەكوردستان سالَى ١٩٨٨، طۆظارى (جينۆسايد)، ذمارة (٣)، ٢٠١٧، ل١٣٧

[٣] سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال، طۆظارى سالَنامەى (ضواردەى ضوار)، ذمارة (٣)، نيسانى ٢٠٠٥، ل١١؛ هيَرش مەغديد ئەحمەد، رزطار ئەنوەر خزر، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٣٧

[٤] سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال، سەرضاوةي ثيَشوو، ل١١

[٥] هيَرش مەغديد ئەحمەد، رزطار ئەنوەر خزر، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٣٧؛ سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال سەرضاوةي ثيَشوو، ل١١

[٦] هيَرش مەغديد ئەحمەد، رزطار ئەنوەر خزر، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٣٧

[٧] سەعيد ئيسماعيل حسيَن: سەرضاوةى ثيَشوو، ل٢١

[٨] سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال، سەرضاوةي ثيَشوو، ل١١

[٩] سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال، سەرضاوةي ثيَشوو، ل١٢

[١٠] انظر، القرأن الكريم، سورة الأنفال، أية (١)

[١١] شورش حاجي رسول: الأنفال الكورد ودولة العراق، ترجمة، مديرية الترجمة/ وزارة الثقافة، ط٢، حكومة اقليم كردستان، وزارة الثقافة، دار النشر، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٥٣؛ صباح محي الدين أمين: النزوح الكردي في العراق ١٩٧٥- ١٩٩١، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥، ص٩٧؛ جاسم توفيق خۆشناو: مەسەلەى كوردو ياساى نيَودەولَەتان، سەنتەرى ليَكۆلَينەوةى ستراتيذى كوردستان، سليَمانى، ٢٠٠١، ل٢١

[١٢] Joost R.Hiltermann: The 1988 Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan, Online: Stable URL, Encyclopedia, of Mass Violence, February, 2008, p2

[١٣] سەعيد ئيسماعيل حسيَن: سەرضاوةى ثيَشوو، ل٢٢- ٢٣؛ سەركەوت شەريف ئيسماعيل: ئەنفال، سەرضاوةي ثيَشوو، ل١١- ١٢

[١٤] تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، بحث مؤثق في تاريخ العراق المعاصر منذ نشوء الدولة الحديثة حتى اواسط ٢٠٠٢، ترجمة زينة جابر ادريس، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦، ص٣٩

[١٥] عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي الحديث، ج١، ط ٧، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٨، ص١٩- ٢٠

[١٦] عبدالمجيد كامل التكريتي: الملك فيصل الاول ودوره في تأسيس الدولة العراقية الحديثة ١٩٢١- ١٩٣٣، دار الشئون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١، ص٣٥

[١٧] واحد عومەر محيَدين: دانوستانەكانى بزوتنەوةى رزطاريخوازى نەتەوةى كوردو حكومەتەكانى عيَراق (١٩٢١- ١٩٦٨)، ليَكۆليَنەوةيەكى ميَذوويي سياسي، سەنتەرى ليَكۆلَينەوةى ستراتيذى كوردستان، سليَمانى، ٢٠٠٦، ل٤٨

[١٨] كريس كۆضيَرا: كورد لەسەدەى نۆزدەو بيست دا، وەرطيَرانى حەمە كەريم عارف، ضاثى دووەم، ضاثخانەى شظان، سليَمانى، ٢٠٠٤، ل١٣٧-١٣٨

[١٩] دەيظد مەكداول: ميَذووى هاوضەرخي كورد، وەرطيَرانى ئەبوبەكر خۆشناو، ضاثى دووەم، ضاثخانەى وەزارەتى ثەروەردة، هەوليَر، ٢٠٠٥، ل٢٩٨- ٣٠٠

[٢٠] ن. لازاريف: ميَذووى كوردستان، وةرطيَرانى وشيار عةبدللاَ سةنطاوى، ضاثخانةى رؤذهةلاَت، هةوليَر، ٢٠٠٨، ل٣٩٢

[٢١] هةمان سةرضاوة، ل٥٠٥- ٥٥٨

[٢٢] سةركةوت شةريف ئيسماعيل: ئةنفال، طؤظارى سالَنامةى (ضواردةى ضوار)، ذمارة (٣)، نيسانى ٢٠٠٥، ل١٤

[٢٣] الامم المتحدة، منظمة حقوق الانسان/ فرع شرق الاوسط: جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة الانفال ضد الكرد، جمال ميرزا عزيز، مطبعة الزراعة والراي، السليمانية، ٢٠٠٣، ص٩٦؛ زياد عةبدولرةحمان: تونى مةرط، هيَرشةكانى ئةنفال لةبةلَطةنامةكانى رذيَمى بةعس دا، ض٢، سةنتةرى ليَكؤلَينةوةى ستراتيذي كوردستان، سليَمانى، ٢٠٠٤، ل٦- ١٢

[٢٤] طؤران ئيبراهيم سالح: دؤزي كورد لةبازنةى ثةيوةنديةكانى ئةمريكاو عيَراقدا ، ئازارى ١٩٧٥/ كانونى دووةمى ١٩٨٩، تويَذينةوةيةكى ميَذوويي سياسية، ماستةرنامةى بلاَوكراوة، كؤليَجي زانستة مرؤظايةتيةكان، زانكؤي سليَمانى، ٢٠١٠، ل٧

[٢٥]Paul Finkelman & Peter Wallenstein: The Encyclopedia of America History, CQ Press, Washington D.C, 2001, P444

[٢٦] طؤران ئيبراهيم سالح: سةرضاوةى ثيَشوو، ل٩

[٢٧] منذر الموصلي: الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص١٢٧

[٢٨] طؤران ئيبراهيم سالح: سةرضاوةى ثيَشوو، ل١٢- ١٣

[٢٩] عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، ج٩، دار الشئون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص٩٧

[٣٠] مجيد الخدوري: العراق الجمهوري، مطبهة امير، قم، ايران، ١٤١٨ هجري، ص٢٤

[٣١] سةروةر عبدالرحمن عمر (دكتؤر)، طؤران ابراهيم سالح، ويلايةتة يةكطرتووةكانى ئةمريكاو طؤرِانكاريةكانى عيَراق و كوردستان (١٤ي تةموزى ١٩٥٨/ شوباتى ١٩٦٣)، طؤظارى (ئةكاديميانى كوردستان)، ذمارة (١)، كانونى يةكةمى ٢٠١٤، ل١٤-١٥

[٣٢] حنا بطاطو: العراق، كتاب الثالث، ترجمة عفيف الرزاز، مؤسسة الابعاث العربية، بيروت، ١٩٩٢، ص٣٠٠

[٣٣] سنان صادق الزيدي: سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كيلة التربية، ابن رشد، بغداد، العراق، ٢٠٠٥، ص٣٠

[٣٤] طؤران ئيبراهيم سالح، سةرضاوةى ثيَشوو، ل٣٩- ٤١

[٣٥] هةمان سةرضاوة، ل٥٩

[٣٦] لوقمان مةحؤ: دؤزى كورد لةسياسةتى دةرةوةى ولايةتة يةكطرتووةكانى ئةمريكادا، وةرطيَرانى عةبدولكريم عوزيري، بةشي يةكةم، بنكةى ذين، سليَمانى، ٢٠٠٩، ل٢٧

[٣٧] طؤران ئيبراهيم سالح، سةرضاوةى ثيَشوو، ل١١- ١٣

[٣٨] نازناز محمد عةبدولقادر: سياسةتى ئيَران بةرامبةر بزوتنةوةى رزطاريخوازى كورد لةعيَراقدا ١٩٦١- ١٩٧٥، دةزطاى ضاث و بلاَوكردنةوةى ئاراس، هةوليَر، ٢٠٠٨، ل٥١

[٣٩] دانا ئادةمز شميدت: سةفةريَك بؤنيَو ثياوة ئازاكانى كوردستان، وةرطيَرانى ئةبوبكر سالَح ئيسماعيل، ضاثخانةى خانى، دهؤك، ٢٠٠٨، ل٣٣؛ لوقمان مةحؤ، سةرضاوةي ثيَشوو، ل٢٦

[٤٠] طؤران ئيبراهيم سالح، سةرضاوةى ثيَشوو، ل٤٣- ٤٤

[٤١] نازناز محمد عةبدولقادر، سةرضاوةى ثيَشوو، ل١٩٥؛ Amin Saikal: The Rise and Fall of the Shah, New jersey, 1987, P165

[٤٢] لوقمان مةحؤ سةرضاوةى ثيَشوو، ل٢٦

[٤٣] سركوت شريف اسماعيل: العلاقات السياسية بين العراق والاتحاد السوفيتي (١٩٦٨- ١٩٩١) رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥، ص١٣٠

[٤٤] Parvis Daneshvar: Revolution in Iran, Macmillan Press, London, 1995, P35

[٤٥] خليل الياس مراد: حرب الخليج وانعكاساتها على الامن القومي العربي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٣

[٤٦] سركوت شريف اسماعيل، مصدر سابق، ص١٣٢- ١٣٣

[٤٧] طؤران ئيبراهيم سالح، سةرضاوةى ثيَشوو

[٤٨] سركوت شريف اسماعيل، مصدر سابق، ص١٣٥
[٤٩] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوەى ثيَشوو، ل٨٩
[٥٠] هەمان سەرضاوة، ل١٠٣- ١٠٤
[٥١] Peter W. Galbraith: The End of Iraq, Pocket Books, ACBS Company, London, 2007, P19
[٥٢] جيف سيمونز: عراق مستقبل، السياسة الامريكية في اعادة تشكيل الشرق الاوسط، ترجمة سعيد العظم، دار الساقي، بيروت، ص٢١٠
[٥٣] شكيب عقراوي: صدام نهوضاً ونكوساً، قصة صدام حسين التكريتي من المهد الى اللحد، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٩، ص١٧٤
[٥٤] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوةي ثيَشوو، ل١٣١
[55] Peter W. Galbraith, Ibid, p23
[٥٦] شكيب عقراوى، مصدر سابق، ص١٧٣-١٧٤
[٥٧] عەلى تەتەر نيَروةي (دكتؤر): بزاظى رزطاريخوازى نەتەوةى كورد لەكوردستانى عيَراق لەسالَةكانى جةنطى عيَراق و ئيَران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨)، ضاثخا حاجي هاشم، هەوليَر، ٢٠٠٨، ل٤٠١
[٥٨] جاناتان راندل: بەم هەموو تاوانةوة ليَبوردنى ضى؟ وةرطيَرانى سةلآح ئاشتى، مةكتةبى ناوةندى راطةياندن، ٢٠٠٣، ل٣٢١
[59] Joost R. Hiltermann, A Poisonous Affair, American, Iraq and the gassing of Halabja, Library of Congress Publication, U.S.A, P78
[٦٠] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٣٨
[٦١] سەركةوت شةريف: ئةنفال لةديدى رؤذئاواييةكانةوة، طؤظارى (عةرعةر)، ذمارة (٤)، سالَى ضوارةم، ٢٠٠٩، ل١٧٢- ١٧٣
[٦٢] Joost R. Hiltermann, Ibid, P93-94
[٦٣] يوسف دزةيي: ئةنفال كارةسات، ئةنجام و رةهةندةكانى، ضاثخانةى موكريان، هەوليَر، ٢٠٠١، ل٣٩
[٦٤] عادل سديق عةلى: كؤمةلَكوذي كورد لةجةنطى عيَراق- ئيَراندا، ضاثخانةى ريَنوين، سليَمانى، ٢٠١٠، ل٢١- ٢٢
[٦٥] سەركةوت، شةريف، ئةنفال لةديدي، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٧٤
[٦٦] سةمانسا ثاوةر: ئةمريكاو ئةنفال، وةرطيَرانى بةختيار كةريم، دةزطاى ضاث و ثةخشي سەردةم، سليَمانى، ٢٠٠٨، ل٣٩-٤٠
[٦٧] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوةى ثيَشوو، لا١٤٠
[٦٨] عەلى تەتەر نيَروةي (دكتؤر)، سەرضاوةي ثيَشوو، ل٤٨٥
[٦٩] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٤٤
[٧٠] سةمانسا ثاوةر، سەرضاوةى ثيَشوو، ل٦١
[٧١] عەلى تەتەر نيَروةي (دكتؤر)، سەرضاوةي ثيَشوو، ل٥١٨
[٧٢] عادل سديق عةلى، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٣٠- ١٣١
[٧٣] سةمانسا ثاوةر، سەرضاوةى ثيَشوو، ل٢٧- ٢٨
[٧٤] طؤران ئيبراهيم سالح، سەرضاوةى ثيَشوو، ل١٥٦
[75] Ismael Al-Khafaji: The Parasitic Base of the Baathist in Saddam s Iraq, Revolution or Reaction Zed Book, London, 1990, P89